زیرەڤانی لە تەمومژی بیرەوەری «محوی» تۆقەڵەوە

لە بەرێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری هەڵەبجە، لە سلێمانی، بانگ هێشتنامەکم بۆهات وێڕای نامەیەکی دڵسۆزانە لە هاوڕێستا عەبدوڵڵا ئاگرینەوە بە بۆنەی ساز دانی میرەد جانێکی بیرەوەری شاعیری مەزن کورد (محوی) لە ڕۆژانی ١٧/١٧ و ١٨/١٢/١٩٨٧، هەر لە سلێمانی، چەندێک بە دیرەد جانە دڵ خۆش بووم هێندەم ماوەش خوارد لە نەلوانی دەرفەت بۆ ئامادە بوونم تێبدا: بارێ نالەبار و تەنازی مەیلەولار بوونەوە سەرباری چەند هۆیەکی دیکەی نەگوتەنی لە شوێنی خۆیدا پێشیان پێ خوارد هەوە، چ ئاوەیەکیش نەبوو لە نێوان شەوی ١١/١٢/١٩٨٧ کە نامەو بانگ هێشتنەکم پێ گەیشت لەگەڵ ڕۆژی بەریا بوونی میرەد جانەکە بایی ئەوە بکات بەگوتارێ پایەی ئەو کەڵە شاعیرە لە هەستدا بدەمەوە بە خامەو بێ کەمەی نامەی پیرۆزبایی و منەتباری بۆنکوو قەرزدارێم لە ئاستێ گیانی محوی و چاکەی بەرێوەبەرانی میرەد جانەکە نەهێشتەکە متر بکاتەوە، ئیستە لە ١٩/١٢/١٩٨٧ کە وا گاگۆڵە بە خامەی ساوا دەکەم بۆ ئاو بایی و ڕانی و دەشت و بەهەشتی چیرانی محوی ناڵێم میرەد جانەکەی بە چ گەیشت: تەماو ڕاپەڕیوم بە پایەی محوی و هەستی نرخزانی و بایەخ ناسینی ئەدیب و ئەدەب دۆست و هەماوەری خوێنەری کورد بەگشتی و هی شاری سلێمانی بە تایبەتی هاتم دەدا لە تاریکی بێخەبەری گەشبینانە چاوەڕێی ئەو دەمە پیرۆزە بم کە موژدەی نە تەنها سەرکەوتن بۆنکوو هی هەڵەبجەیە و بەهرەبەهەشتی و بەرهەم داری میرەد جانەکە گیانم دەگەیشتێتەوە وا لە ئیستاوەش ڕێم بە خۆم نادەم فێتوەکەی شادی

دەروونم بەو موژدەیە بگژێتێتەوە و بەوەدا تام وشامی کۆڕی محوی بپژێتە
سەر، کەبەوە و بە خۆشاو بتکێتە ناو دنیاوە کانم بۆ بەر چەزی خوێنەران:

دڵی بردم بە شۆخی دڵبەرێکی تازە، سەر لەنوێ
هەوایەک بێ لە دڵ سەودایەکی کەوتە سەر، لەنوێ

بە یاستی و بێ تەئویل، هەوایەک/ لە دڵ سەودای دەریا و دەشت و دوڵ و
کەژ و چەمەکان و باغی محوی کە بە تەفسوونی شیعرەکانی جلوە لە خەیاڵی
خوولیادار دەبەستێ، نرکە و نەعرەتە و هەڕەشەی ئەم سەردەمە لە بەر
گوێی دڵدا دەگۆڕێن بە ئاهەنگی بلبل و ساز و عود یان هەر نەبێ وەک
بەنجی بریندکاری ئازاری هەستی زامدار سڕ دەکەن. کێ بێ لە ئێمەی کوردی
ئاهەلێوەی ساڵی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ و هەمەدەی بیستەمی خوێنی لێ چۆڕاو
دڵتێکی یان ملێکی بەر تیغ بڕندە نەکەوتبێت:

لە چاوا نەم نەما بۆگریە نۆبەی سەجدە بەر دەریە
سیاتم نەبارە نۆرێژی ئیستیقا نەکەم چ بکەم

خۆم لە جیاتی قەڵەم هەر جار (سەجدە بەر دەر)ی بە رستەکەی دیوانی
محوی کە لەوێدا بێ لە چاکی و پاکی شتێک نێیە سەجدەی بۆ ببەر دەنێت.
هەیاڵی کۆن و نوێم لێ تێکەڵ دەبن و دەمگێڕنەوە بۆ پاپۆردووی دەدوازدە
ساڵێک لەمەوبەر و هیکایەت خوانیم بێ دەکەن تا بڵێم: یەکێک لەو خوولیاپانەی
دەمی شەنداوەتیم لە کۆڕی زانیاری کورد کە هەست و خوازمی بۆ خۆی
دەکێشا تەوە بوو، دوا بە دوای لێ بوونەوە لە باسی حاجی قادر، یان
بە کتێب یان بە زنجیرە گوتار لە سەر شاعیرانی پێزی یەکەمی خاوەن
دیوانە گانمان بنووسم. بێ گومان محوی لوتکەیەک بوو لەوان:

هەر چەند شیعری محوی تا هەفتاکانیش هێندەی شیعری نالی و سالم و
کوردی و خێنی رەزا و وفایی و مصباح الدیوان.... بەبەر چاوەدا تێ نەپەڕی بوو

بەڵام ئەو نموونانەی بێتسبوومن و خوێندبوومنەوە ، بێ هەڵوەستە کردن ، شەبەنگ محوی‌یان لە هەستما بەرەو پایە هەرە بڵندەکان دەبرد . مەهارەتێکی لە نموونانەدا پەنگی دەدایەوە دەتگوت لە گۆمی نالی بڵوێ دەرات :

ئەوا لەیلا بەڕۆژی حەشرئەدا وادەی لیقا " محوی "
هەتا قامی قیامەت ئاهە و واوەیلا نەکەم چ بکەم

چەند ئاشکرایە (وادەیلا) جڵەوی هۆشت بەرەو (وا لەیلا) وە دەبات کە لە بەرامبەر نیوەدێڕی یەکەمی / دەدرەوشێتەوە : (وا)ی سەرەتای وشەکە سێبەری ئەو (و)ەی بۆ ناو وشەی دواتر بردووە و (لەیلا)ی کردووە بە (وەیلا) . سەیرێش بکەی دەبینیت لە (ئەوا لەیلا)دا دەڵێ (وا لەیلا) بە تەواوی دروست بووە ، تەنیا لە وشەی (وادە)ی دوای وشەی (حەشرێش) تەکانێک بۆ تەو (و)ە باس کراوە دەچێت کە (لەیلا)ی کردووە بە (وەیلا) و بە تیرێک دووبەشان پێکراوە . ئەم مەهارەتە ، جار لە محوی ، تەنیا لە نالی بەدی کراوە کە گوتوەتی :

بۆ شەهدی کەلامت کە بە اشرابی لطافت
(لذّة) دەگەیێنێ بە دڵ و (ذهن)ی مخاطب

بە ئانقەست و بۆ خاتری باشتر پەرەودن کردنەوە بەیتەکەم بە پێنووسی کۆنە نووسی :

دایشتنی بەیتەکەو ئەوەندەی تەعبیری تێیدا بەکار هێنراوە نوانەیەکی پیتی (ذ)ی گوشراو لە (لذّة)وە دەگەیەنێ بە (ذهن)و دەیگاتە (ذهن) . شەهدی کەلامم لە (ذهن)دا کە بە وانای دەم وزارە جێی دەبێتەوە بەڵام کە (لطافت)ی تێکەڵ بوو هەقیەتی بگاتە (ذهن)یش : شەهدو دەم هەردووکیان ماددین ، بەڵام (ذهن) مەعنەوی‌یە بە (لطافت)

کە وەک ذهن مەعنەویە تەو شەهدەی پێ دەگات. وشەی (دهن)ی فارسی ئەگەر وەک خۆی (دهەن) بخوێندرێتەوە کێشی بەیتەکە تێک دەچێت بەوەشدا دیارە تەرجەمان کراوە بۆ قوستنەوەی نوختەکەی (ز) تاکوو ببێتە (ذهن) کە لەگەڵ (دهن) نەک (دهەن) دا هاوکێشن. سەیری دوای (لذّة) بکە یەکسەر (دەگەیێنێ) هاتوە کە هەر (گەیاندن) جاری پاگوێستنی تەو نوختەیە دەکات بۆ سەر (دهن). دەیێنێتەوە بڵێین (دڵ) هەر شیرنایی مەعنەوی شەهدەکە هەستە دەکات، ئەو نوختەی پاگوێزراو بەخۆیەوە دەگرێت وئە پەکێشی لەسەرەکەوتوە بۆیە تەو نوختەیە لە شیتوەی (هتی) بۆ (دهن) دەچێت. وەک کە شیرنایی مەعنەوی بۆ دڵ و ذهن لە بارەشەهدیش بۆ (دهن) کە دەمە لە شوێنی خۆی دا بە مادی دەیێنێتەوە.

مەحوێنی کە لەیلای لە جێگەی (یارم، مەحبوبە..) دانا و نەی گوت :

تەوا یارم بە پرۆژی حەشر تەدا وادەی ...
تەوا مەحبوبە پرۆژی حەشر تەدا وادەی ...
نیگارم وا بە پرۆژی حەشر تەدا وادەی ...

مەبەستیەتی تێی بگەیێنێ دەیەوێ (وا لەیلا) دیردی زاری بێت تا پرۆژی قیامەت. لە سێبەر یاخود لەبەر تیشکی واوەیلا و وا لەیلادا (قامی قیامەت) پێش قوتە قوتێک لەگەڵ هێمانا سینەوەماندا دەکات: ئەگەر نەگوێخانی کێش لێ گەڕابایە دەشیا (قامی قامەت) لە جێی (قامی قیامەت) بێ وەک کە شیا واوەیلا لە جێی وا لەیلا بێ چونکە لەپێشەوە باسی حەشر هاتوە، لە وانادا فەرق نامێنێ لەنێوان قامی قیامەت و قامی قامەت کە دەزانێی قامی قامەتی شەو نازدارە لەیلایە هەزاران جار پتر بە سەندی مجێزی عاشقە: هەتا قامی قامەت دەبێ بڵێم وا لەیلا.. دەرکەوتن و پاست بوونەوەی قامەتی لەیلاش تاوانێکە هێندەی حەشر لە

ته‌مای عاشق دووره، هێنده‌ی حه‌زلێش ئاشووبی شه‌یدایی له جیهان پەیدا ده‌کات.

مه‌به‌ستم نییه بڵێم ئەم مه‌هاره‌ته و هونه‌ره‌ی محوی له‌م بەیته‌دا چاولێکه‌ریه‌ له‌وه‌وه بۆ نالی، خۆ ئه‌گه‌ر وه‌هاش بێت ج که‌مایه‌تی تێدا نییه، بگره زێده‌ به‌هره‌یه‌کی محوی یه له‌و بەیته‌دا دیاره، وه‌ک چونکه ئەم جۆره چاولێکه‌ریه‌ ئاسته‌نگترین ڕێگه‌یه شاعیر پێبدا بڕوات له هونه‌ری شیعری خۆیه‌وه‌ بەشێوه‌یه‌کی دیکه‌وه‌ وه‌ک: اقتباس، تضمین، معارضة... ڕاستی یه‌که‌ی ئه‌گه‌ر محوی هه‌ستی بوو هونه‌ره‌ی نالی گرتبێت، که به‌ڕەچاوه‌وه ده‌تێم هه‌ستی پێ کردووه، تاکه که‌سێک ده‌بێت له شوعه‌ڕای کوردی ده‌یناسم ئه‌و هونه‌ره‌ی له نالی دا دۆزیبێته‌وه. من له گوتاره‌کانی زێده‌وی (چه‌ند له گۆڤاری نالی) دا دووری ئەم شێوه هونه‌ره‌ی نالی هه‌ڵاتووم، ئه‌وساش چاوڕێ به‌یته‌که‌ی محوییم نه دیتبوو بۆیه بوو به‌خه‌م بۆ هونه‌ره شیعری یانه‌کێشا له بابه‌تی به‌یته‌که‌ی نالی بێت، ئه‌و هونه‌ره‌ش نه‌م بیستوه ناوی بۆ دانرابێت ئه‌گه‌ر به ته‌ئویلێکی دوور بدرێته‌وه به (استخدام) ئه‌وساش به‌ڕاوێزی ئیستخدام ده‌ها تێک ده‌کێشرێته‌وه زۆرێنه‌ی جۆره‌کانی (محسنات) تێدا جێ ببێته‌وه. ئێره‌ش جێی لێکۆڵینه‌وه‌ی باسی ئه‌وتۆیی نییه له محویان بدرێته‌وه بۆ خۆی.

دوای ڕابردنم له‌ گۆڕی باوکی چاڵاکیم له مه‌یدانی نووسیندا گۆڕا: حاجی و نالی جگه له‌وه‌ی که خۆم به دڵ و زمانیش پێیانه‌وه خه‌ریک ده‌بووم، بیریاری ئه‌وه‌ی کۆڕیش ئه‌وه بوو لێیان بکۆڵمه‌وه و بۆ صیاڵی کۆڕ ئه‌و لێکۆڵینه‌وانه بڵاو بکرێنه‌وه. له به‌رده‌کۆتایی ساڵی (١٩٧٨)ه‌وه ئێمکان نه‌ما خۆم ته‌رخان بکه‌م بۆ تاکه باسی که‌سێک یان بابه‌تێک ساتێکم کێ بخاتێنێ مه‌گه‌ر به‌کێک یان لایه‌نێک به‌ربارێ ئه‌رکی ئه‌و کاره بێت، ئیتر نه‌شیا چ دێکه به پاڵان و ئه‌فسی درێژه‌وه ته‌مای خۆم له‌ تۆژینه‌وه‌ی ئه‌ده‌ب وه‌یا ژیانی که‌سانی ده‌ست نیشان بێنم: لوان و ڕێکه‌وت چۆنی

هێنا و کێتی خستە تۆپی فڕکەوە دیالۆگی بە خێر. قەدەر، پێکەوت وەها بوو کە ئەم سالەی ١٨٨٧ لە گیانە لاوەی بە سەرچوونی دا هات دوو لێوەی مەرگی لێک بنێت بابەتی ئەم نووسینەی بەرکەوت و بە میراتی بۆمنی بەجێ هێشت: ئاماژە منیش ٢٦٥ پۆژە پەبەقی پەق پووڵەیم کردوە و لێی بووم بە میراتگر. دەتێنی سەیرە لەگۆێ بەڵام سەیرتر لە پۆژگار کە سالێ وەها پەش میراتی وەها گەش بەجێ بهێڵێت. ئایەتی (یخرج الحی من المیت) ٢ بە بیردا دەهێنێتەوە.

محوی وەها مەسلەکە نەمرە کانی لەو جۆرە ئەستێرانەن ئاوابوون و بزربوونیان بۆنی یە. لە دەمێکەوە بەدڵ و هۆش ئاشنایانم، پێ بە پێ فرازی بوونیشم لە ناسینەوەی بایەخ و نرخ و جوانی پتر ئۆگری ئاو و شاعیریەتیان بووم. ئەم پاستیەش لە زێدە پیاوچاکی خۆمەوە نێیە، بگرە لە زێدە پیاوەتی ئەوانەوە کە لە سەر بنگەیەک دامەزراوە بە دڵدەستترین عەیارەی نرخ ئیتر سفتی و پتەوی یەکەی بە ئیسپات دەگات، لەگەیشتن بەو ئیسپاتەش پەنجم بردوە:

من لە عەیارەی نرخ پێو هەرچی خاترانەیە تێم نە خوێندۆتەوە، مەرجەکانی بە سەندایەتی عەیارەش لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێک دەگۆرێن: ئەو بابەتانەی کە لایەنی (جوانی) تێیاندا بنەپەتی یە دەبێ لە پلەی جوانی دا زۆرەوری (ناوەنجی) کەوتبێتەوە دەنا بەعەیارەی من لە سەنگ دەکەون، ناچاریش نەبێ خۆمیان تێ ناگەیەنم. بێکەس لە موناسەبەیەکدا گوتی: هەردووگوێم پێ بوو. منیش دەتێم ئەرزو ئاسمان پڕ ابوو لە گۆرانی ناوەنجی و مۆسیقای ناوەنجی و بەستەی ناوەنجی و شیعری ناوەنجی و چیرۆک و پڕەسم و پەیکەر و شلە ساواری ناوەنجیش تاکوو لە دەفری تەصەوولمان کە لە پڕتێژی یان کرد. ئەو بابەتانە - جگە لە شلە ساوار - تێکڕایان بەرجەزی مەهارەت دەکەون، بابەتیش هەن وەکوو پزیشکی، بەنقاشی، خەیاتی، دارتاشی، شەعبەدە، چاپوک دەستی ... و دەیان و صەدان کەسب و کار لە هەواندا مەهارەت هەیە تاکەدەی پزیشکی ناماهیر دە بێتە مەرگی نەخۆش بەڵام دوو نوختە [ناتێم پتر] لێکیان جودا دەکاتەوە: نوختەی

یەکەم ئەوەیە کە هەرچی بەرەو هونەری تەواوەوە دەچێت لایەنی جوانی و مەهارەت تێیدا بەرچاوترە تا ئەوەی پەنگەو هونەر هەبێ مەهارەتی پووت بێت کەچی پزیشکی لە سەرەتاوە زانستە دواتر مەهارەتە، نوختەی دووەم ئەوەیە پزیشکی و نەجاری و لێخوڕی و بەننایی بە پادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شانۆ و نووسینی پۆژانە ناخرێنە بەر چاو و گوێی خەڵق... گوزارشی بیژێکی نیو داشت لە هەموو زاناکانی دڵاتی خۆی مەشوورتر دەبێت، تێشیاندا هەیە لە مەرگی دا گیان خۆیانیان بۆ کوشتوە..

پەخشان

شیعر بابەتێکە لایەن مەهارەتەوە دەکەوێتە نێوان ئەدەب و هونەرەوە: بابەتی ڕێدە پشکی لە جوانی و موسیقا پەخشان بەجێ دەهێڵێتەوە بۆلای هونەر. هەرچی بابەتێکی پشکی جوانی و مەهارەتی تێیدا بەرچاو بێت لە بابەتی یەکەمدا پوخسارە ئەوجا ناوەڕۆک. هەموو تابلۆیەکی پەسم کە بەرچی هونەرەو مەهارەتی تێیدا نەهاتەدی نرخی نابێت بالەناوەڕۆکدا پێش نیسبەتی تانیشتانیش کەوتبێتەوە. پەنگەو موجیدێک وتبێتی یەکی پیر مەهارەتی کەعبە بە دەیان هەزار دینار بکڕێت هەر وەک دینارێش لەوانەیە ڕەسامێکی پشت لە دین پیر لە مەهارەت بەو نرخە بکڕێت بەمەرجێک خۆی مەبەستی هونەری لەبێت. تەنیا کە زانیمان شیعر خزمی هونەرە هەقمانە لێتی داوا بکەین جوان و پازاوە بێت، کە وەها نەبێت لە شیعرایەتی دەکەوێت.

پاستیەکی دیکەی گرنگیش هەیە داوا لە شیعرو تێکڕای هونەر دەکات پازاوەو بێ عەیب بن: شیعرو هونەر لە چاو قسەو پەخشان تامێری تام سەلامەتوکەی تەعبیرن. جارێ لە پێشەوە باسمان هونەری پووت چونکە قسەنالکات بەکار بەو دەرەنگەوە وەک خەڵق هەڵدەستێنێت لە خۆی، شیعریش بەو دەتیزایی پۆژگار بە قسەی خۆش و جوان و شیرین لە قەڵەم دراوە و خانەبەخشیش کراوە لە جوانە تێکڕا تێیدا بووبێت. شیعری بێ پەردەو پشت لە دین کە بەپەڵەی لەماوەی هەزارو چوار صەد ساڵدا بڵاو بۆتەوە ڕێی خۆش نەکردە بۆ بڵاو بوونەوەی یەک لاپەڕە نووسینی پەخشانی پشت لە دین و بێ پەردە. چەند سەیرە کە دە بینین لەمرو

تەو ناهەز رۆژی یانەش ھەلق بۆلای زایەند (ھتد) کە بە قسەی خۆسراو لە کتێب و گۆڤار و پۆژنامەدا ناکێشدرێت بە بەسی پووت خۆی دابین دەکات/ چونکە پەخشی ھونەرەو قسەنی یە گۆڤار و پۆژنامەش ھەر تەدەن کەھەن. لەبەر ئەوە دەڵێم بە خشانێکی ھەڵەق تێدا بێ بۆ سەر پووی کۆمەڵایەتی نالەبار ئەگەر پەوانەت و پەوخاری کزیش بێت چی خۆیەتی پێزی لێ ندرێت چونکە ئازایی نە فاعەتی یۆدەکات، قۆنتە راتیشی نەگرتوە جوان و شلک بێت. بەڵام ھەمان ھەڵەت بە شیعری لاواز نرخی نابێت چونکە ھەرچی شیعرایەتی تێدا نوقسانە: یەکێک نەتوانێ بە شیعری جوان ھەڵەت ببەرێت خۆیەخەبی لە بە خشان پەق نەبوە ھەڵەتە کە بڕاتەوە بە پە خشان. بۆیە دەبینین نووسینی لاواز پتر لە شیعری لاواز بڵاو دەکرێتەوە. بە یتێک لەنگ بێت لە خۆدە ڕەسێتەوە.

لزوم نابینم خۆم لە خوێنەران بکەم بە پسۆڕی نرخی جوانی و بایەخی بابەت لە کاری ئەدەبی و ھونەری و ھەر دیکەشدا ھەرچەند دەشزانم بازاڕی پۆشنبیریان تابلێی پێویستی بە ناسینەوەی ئەم نرخانە و بایەیان لە پلەی خوار و خزوورداڵەیە چونکە بەداخەوە لە گەڵێک نووسینداد دیتوومە بەڵەمی ترسنۆک وەھا بردراوەتە بەرزایی ھەر دەڵێی قارەمانەتی دوانزە سوارەی مەریوانم بۆ دەگێڕێتەوە.

شیعری شاعیرە بەسەر چەوەکانی قوتابخانەی (نالی) دەبێ لەو کوڵانانەوە سەیری بکرێت. لەڵایەن ناوەڕۆکەوە ناشێ لە کۆتایی ھەزەی بیستەمەوە عەیارەی نرخاندن بە دیاری بنێرم، وەکوو کۆتڵێ وتەبەقی دەستەواڵی، تاکوو (ساقی لە پەردە دەرھات و مەستوورەو غەیری وەھەدەت لە وجوداتی یە و لە تەقەی نالۆ وشەقەی پاڵی بەرزی و یەھووی بەچەچە...)ی بێ ھەڵە ئاب بگێندرێن. کێڵ مەھوی کە بڕێتەوە بە پۆژگاری خۆی تۆقەڵێ یە کە لەو تۆقەڵانەی گەردنی کە لەو دیوی ئاسۆی بەسەر چوونیانەوە بە پیرشەنگ و تاو وتین، پووناکایی و گەرمایی و جوانی لە شێوەی میراتی بێ پایانەوە بۆ چینە لە دوا چینی زیندەوران بەدیاری دەنێرن. چی گوتوەتی و کردوەتی بە پەوخار و ناوەڕۆکەوە دەبێ لە

نرخاندنی ئینسافی دۆستانەی لەگەڵدا بەکار بێنێت، ئینسافی دۆستانەش پێویستی بە لایەنگیری نیە: دوو نوختەی سەرەکی سادەی تێدا پەرچاو ئەکرێ بە سە :

(١) داوا ناکرێ لە شاعیر قارەمانی خۆبەخت کردوو بێت .

(٢) کەس بێ عەیب نە خولقاوە .

بەسە بۆ عەیبی شەرتوی نەبێ شەرمەزاری بکات .

تەنیا ئەگەر کەسی وەها هەبوو بە نازایی لە نێوان هەموو عالەمدا خۆی لە پێناو گەلەکەی مەفتەن خۆی گەیاندبێتە پەتی سێدارە وەیا هێندەی بێگەرد بووبێت لە عەمەری عەبدولعەزیز و غاندیشی تێپەڕاندبێت، ئەوا زێدەی نازایی و پاکیەکەی بە ماڤی تەواوەوە بۆی حیساب دەکرێت، بەڵام ناشێ تەو پاڵەوانەتیە سێبەر بخاوێتە سەر قەلەقۆڵای جیهان کە خۆیان بەخت نەکردوە: کاتێک گەلەیبەکە بە سەرشانی تێکڕای میللەتدا دەورا ئەوسا جێی خۆبەتی عەیداری وەکوو بارانی پەڵەی ئیقلیمگیر هەموو شاعیر و ئەدیب و شێخ و مەلا بگرێتەوە .

لێرەدا پاستی یەکی سەر بە کۆمەڵایەتی هەیە بەر پەراوێزی ئەم باسە دەکەوێ: لەو دەمانەدا کە کۆمەڵ وەکوو گۆمی داوەستاو بێجووڵە زیاتێکی پۆژانەی کەم پەنگ بەسەر دەبات و وەک چۆلەکەو کەروێشک هەریەکی گوزەران و خۆپارێزی (ئاگرەسوورە لەخۆم دوورە) یە هەموو چالاکیەکی گۆم شەقێن کە باری ئارام و هەندی کووچە و بازاڕو پێڕەو بابان لەبەر هەنگاوی کەسابەت و گوزەران دەچێوێنێ خۆی زەق و پەق و ناهەق دەنوێنێ. کەگوترا وە لە قەدەر بەری خۆت پێبێ پاکێشە وەیاخود مرێشکێ هێلکەی قاز بکات وەهای لێ بەسەر دێت تەعبیری لە دڵ و دەروونی تەهلی بازاڕو کاسبی عارەق و هەزاری بێ دەسەڵات داوەتەوە ئێجا هی دەسەڵاتدار، بە درێژایی پۆژگار بۆرە ئیبادی سەربێو لە لایەن پەشو و ڕووت و بێ دەسەڵاتەوە سەرشێن کراوە [ئەگەر بەدەستم بوایە بە یەکەری سەرابازی نەنارادم بۆ ئاڵ سەربێوانە هەڵدەنا] دواتر قسە گەیشتۆتە تۆجارو شێخ و مەلا، حاجی قادر لە کۆپەی هەڵدەی نۆزدەمدا نموونەیەکی بێ مانەندو

دەگەڵ چەندین سەد ساڵە بوو، خۆ ئەگەر مەلا نەبوایە و زمانی لە شیعر بڕیوە
ئەگەر پاپا یە هەرگیز نەی دەتوانی لە بەرگی فەلاحێکی نەخوێندوو یەخەی شێخ نەبڕی و
شێخ عەفوور بگرێت، کە یەخەشی گرتن توانی لە پەنا مەلایەتی و شاعیری وشەیەتی
خۆیەوە ڕێزی خۆی بپارێزێ. دەنا کەس بەدوا دەنگیلەوە نەڕۆیی، مریدەکانی شێخی
نەبیشی کە بریتی بوون لە پەشو و پرووت و کاسب باز یە و بە شێکی تۆجایەکان و
ئاغای لێ کەوتە وەها چاو ئازا بوون پەلەیان کرد لە ڕۆژی ڕووندا هەڵی بدرێن. حاجی
لەگەڵ ئەو ئازایەتی و هۆشیاریە شیعرەوە نەی توانی لە کۆیێ بگاتە ئەو بزێوی یەی
پێی دەڵێن چالاکی کوردایەتی، داواتریش کە لە ئەستەنبوڵەوە بەندی کوردایەتی
بۆ هاوبیشتمانەکانی دەهێنارد کەس ئەیکردەوە گوێی بە قسەکانی نەبزووت.
گۆمی داوە ستاوی کۆمەڵ کە لە بنەڕەتدا بەسەر هەزاریەوە داوەستاوە و پەنگ
خواردووی ژیانی کولەمەرگی یە، هێندەی عەزابی گڕەوشار وەتەنگ دێت لە بزێوی ی
بێ سەروبەر و ڕاک وباب کەوا تروسکەی ئومێدێکی نزیک و بەرچاوی لێ دەرناکەوێت.
کۆمەڵی دەوڵەمەند ئەگەر بە هەقیش نەبێ بە ناهەق دەست دێژی لە جیرانی
دەکات، فەلسەفەو بیری پڕوونا کی بەرەو هاندان و هەتکەڕانەوەش لە کۆمەڵی
نیوە مردوو کارناکات. لە نوختە بنگاش تەم قاندەشەوە نەبوونی کیان لە هەموو
لەقوپێک بێ پەزارە بۆ چەسپاندنی تەوەردە لەبیری لە هەزاریەوە دەپرسێت.
بە بیر دێت لە بیستەکان و سیەکان، هەڵقی شار لە شایی و بەزمی شەوانەی
چایەخانە و دانیشتنی دیوەخانەکان لە شیعری غەزای بەولاوە گوێیان لە شتێکی دیکە
ڕانەدەگرت، ناوناوەیەک نەبێت کە گۆرانی بێژ بایەیەکی لە شیعری نایینی.
ئێجا لە خۆوە دیارە کە وا بەر لە ٤٠-٥٠ ساڵێش ئەم خەڵقە هەر شیعری دڵداری یەکانی
حاجی قادریان لە کۆبوونەوە ئاهەنگەکانی خوێندەوە. قوتابی مەکتەبی هەوەڵ جار
بوون بە ئیستگەی بێتەلی شیعری نیشتمانی، بەڵام نەوەی دوای ئەوە خەڵقەکە پاڵەوانی
گۆرانی لە مزاشی شیعری دڵداری و وەتەنی بەجێ هێشت. بەڵام هەق نی یە
ئەمە ئەنجێزی سیاسی و فەلسەفی خۆمان لە چەرخی مرۆڤی بەر لە صەد ساڵ

بگیرین وەیا بەچەبارەی وڵاتە هۆشیارەکانی تر و سەردەمی کوردستان و
کوردەواری هەتسەنگینین. ئایا ئەگەر ئێستاکەی خۆمان بەئێستاکەی
ئەڵمانیاو سوید بگرین چ دەردەچین؟ تا نووسینی ئەم دێرانە یەک
بانکی کورد لە سندانڵدانی مێزوو نەپەکاوە، نەک بانک: تاکە یەک (صراف)ی
کورد پەیدا نەبوە. ئێمە هەتائێستا لەقسە بەوڵاوە فێری هیچی دیکە نەبووین
قسەکەشمان لە خەڵقا وەرگرتوە، ئەگەر لەوانمان نەبیستبایە هەرگاڵ وبۆغی
پڕۆژەگاری سەردەمی حاجی و بەر لەویشمان دەگوتایەوە. باشەوەش لەبیر
نەکەین کە هوکمداریی بابان وسۆران و ئەردەڵان و نازانم کوێ لە سەردەمی
خۆیاندا، لەگەڵ هەموو شانازیی یەکی پەروای پێیانەوە دەکەین، بەند بوو بە
دەسەڵاتی کەسانێکی وەیا بنەماڵەیەکی بەر زاراوەی (دەرەبەگ) دەکەوون و
لەلایەن بەشێکی زۆری پڕۆشنبیرانی سەردەمەوە تۆمەتی بێرندەی درندەیان لێدەگیرێ.
تۆمەتیش لە بەینداڵە نەجێ دەجێ بزانین تەدەیمیانە و هوکمدارانە بەکردەوەیان
لە واقیعی دواکەوتووی کورد زماندا، ئێمان دەگەیەنن کە بەرژەوەندی
خۆشیان نەی هێشتنە سەر بارێ هاریکاری و دۆستایەتی لە ئاستی هەرێمی
هێزەزلە داگیرکەرەکانی تەوسای کوردستان. هەڵقەکەی تەوساش، لە دەرەوەی
جغزی لەشکر و دەست و پاوەندی هوکمدارەکان، دەورێکی بەرچاوی تایبەت
بە خۆیانیان نەبوو لە هەڵسوکەوت وچەندوچۆنی پەیوەندی لەبەر بەهوکم و ئەوەی
لە پەلامارێ بێگانەوە بۆسەر هوکمدارەکان و خاکی کوردستان بەگشتی بۆیان
دەمایەوە. چ سیر سەرەڕۆش لەو تابلۆیە پەشەدا صەڵ نازە قێتەوە چونکە
کەسانێکی لەوانە نەبوون پرسیاریان پێ کرابێ وەیا ئێ خۆیندرابنەوە لەشە پاو
ئاشتی و شێوازی هوکم و چەندوچۆنی یاسای مافی و نابووری... و هتد، بەجۆرێ
هەتی و ناچاری هەر هەرێکی خەتەجوودت و دێڕاوی شێنەوردو سەهم دێرینەی

بازاڕو مەڕو ئاژەڵ لەوە ڕاندن و ئالێ دەڵێ بابەی مزگەوت لە زەرگ لە خۆدان و شە بانتە خواردن و خەڕەك پێسی و مازوو چنین و جموجوڵی گوزەران دەبێ.
چادە ڕاوان ناگرێ لە یەکێکی وەها بێ کیفایەت کە پرسی بێ نەکرابێ هەڵە چ لە دەکات، ئاگەر بێ کیفایەتە سەر لە فقێ بێتێت بۆ هاکێکی لێن دەقەومێت هەردەچەند لێ قەومانەکە بۆ ئەوێش بە-غەت وەستۆ بێت. لەم سەردەمەدا نو تۆشی کەمتەر خەم دەبینی کە پرسان بێ نەکرێت، خۆ بە خۆشیان دە ئێنێ پرۆشنبیر ڕاپێش پرۆ، ڕابەر.. تەنیا مام باڕی عەبابە بێ سالی ١٨٨٧ و ١٧٨٧ کە نەی دەزانی ماغەزیش مۆر بکات دەبێ چەند بە خەمی ئەم دنیایە وە بووبێت؟ کابرای جاف کە گوتی: مەحمود پاشا دەمرێ نامرێ ماڵی وەقوتە وە ڕا مێ دەسرێ، ئەگەر طەهای نەگوتبایە زۆڵە پرۆڵەی ئەو دەمە دەردەچوو. پێت سەیر نەبێت بابایەکی ئەوسەردەمە بەم مەلایێت و بەم شاعیر و بەم کاسبکار بۆ تێ شکانی پاشای ئیسلام لە ئاست پاشای ئایسلاندا بەرۆشنی پتر بووبێت لەو بەرخشەی بووبێتی لە تێ شکانی حوکمدارێکی کوردو بەرانبەر پاشای ئیسلام چونکە باوەڕی ئیسلامەتی لە شوڕەوە ڕا نی یە کە هەبووە بەڵام باوەڕی قەومایەتی ئەو بێ شوڕەیە نی یە. ئیستاکەش خەڵقەکە بەپێی باوەڕی خۆی بەرۆشن دەخوات بەم پرۆشنبیر و بەم نەخوێندەوە تەنانەت باوەڕە سیاسیەکانی ناو کوردایەتی ئەمەو چەرخی سێیەم هەمووی بۆتە جۆرە ئایینێک کە بەخنە هەڵ ناگرێ و بابەڕاکانیان لە پایەی پێغەمبەرایەتی دان ئیتر سەیر نی یە ئەوانیش قەومایەتی بە قوربان (خەلیفە)ی ئیمە خەڵقەڕێکی باوەڕەکەیان بکەن وەک کە بێ بەڕوا دەی کەن.

محوی مەلا و تەریقەتدار و شاعیر بووە: نە لێی داوا دەکرێ بە تەنها شیرۆنیر لەژوردار هەڵبگرێت کە ئەگەر هەڵی بگرتایە دەبوو بەڕە لەهەمووژوردارێک بە ئەوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی بگرێت، نە گەلێ بیشی بۆ دەچێتە وە لەوە ڕا کە ئێدە لە هەموو ئالەتی کوردایەتی هەڵ نەکردوە. ئەگەر لە خۆمانا بسەلمێنین دروشمی سیاسەتی سالی ١٩١٧ بەسەر داردەکانی محوی یەوە بشەکێتنەوە دەبێ خەریک بین لە خەیاڵەوە

دروشمە سیاسیەکانی ساڵی ٢٠٨٧ بە چەرەگەوە نەقینەکانی نمایشتی کەم پرۆژەماندا بدروونینی دەنا بە گەوز وگرێی خۆمان ئیفلاس دەکەین .

بە پێی ئەو باس و خواستەی لە مەحوی بیوە بە ئێمە گەیشتوە لەلایەن پەفتار و ئاکارەوە هیچ خەوشێکی لەوانە نیە کە ئادەمزاد بەداوێوە بگرێ تێیدا نەبوە : مەلایەکی تەریقەتداری خواناس ، لە جگری باوەڕی ئیسلامەتی خۆی دەرنەچوە هەوڵی گواژەرانیشی هەر بابی پەلەکوتکەی ژیانێکی سادە بوە کە بەحاڵ لە مەلایەکی خاوەڕا مەدرەسەوە فەقێ دەوەشێتەوە . ئەو سەفەرەی کە بە پێی قسەی مامۆستا سەجادی بۆ ئەستەمبوڵی کردوە لە ساڵی ١٨٨٢ ز گوێیا چاوێشی بە سوڵتان عەبدولحەمید کەوتوە ، ئەگەر ڕووی ڕابێ ، خەبەرێکی خۆشە پایەی مەحوی لە سادە مەلاوە تەریقەتدارێکی سەر بەحاڵ بەرەزوورتر دەبات ، زۆریش نەڵکێ ، چونکە گەیشتن بە سوڵتان لەو سەردەمەدا کارێکی ئاسان نەبوە : پیاوێکی شۆرەتی مەزنایەتیەکەی بێ لە خۆی پێگەی چوونە لای سوڵتانی بۆ هەموار نەکردبێت نەمای سەردانی سوڵتانی نابێت ، سوڵتانیش لەمیانیدا نەبوە هەر بۆرە پیاوێکی ئاوەزۆی کرد خێرا ئەرگای (بابی عالی) بۆ بکرێتەوە ، خۆ ئەگەر دروست کردنی خانەقاکەی (مەحوی)ش پایەی ئەو پێز گرتنە بێت هێندەی دیکە بەتگەی شەخسیەتی مەحوی ئەوەچەسپێنێ .

ئەو ڕوباعیە فارسیەش کە لە لاپەڕە (بیست وحەوت)ی پێشەکیەکەی (دیوانی مەحوی) ، لە شەرحی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم وەکاتە موحەمەد ، بە عەیب حیساب کراوە لەسەر مەحوی بەوەڕا کە هەمەلحەی شای قاجاری پێ هەڵداوەتەوە ، ئەویش ئەوەی بدرێتێ وەک بەوسەردەمی تێیدا هەڵنراوەتەوە تا ئەگەر خەڵقی سلێمانی وەیا کوردستان بەتێکڕایی لەسەر مەحوییان بە عەیب حیساب کردبێت ئێمەش پێیەوەیان نێ دەکەین . بەڵام دەبێ کە ئەمەمان کرد هەموو

~~[illegible]~~

گەورەم وگوێ پێڕۆزبایی یان لە عەبدولکەریم قاسم کرد لەسەر بۆمبارمانەکەی (١١)ی ئەیلوولی ١٩٦١ . من دڵنیام لەوەی کە مەحوی گەلێ لێ نەکراوە چونکە ئەو خەڵقە

گەیە ئەیالی دەیان خەینە سەر گەلەیی کردن لە محوی بۆ خۆیان بەرزەیی بۆ زانینگ
تورك یاست دەبوونەوە و دە ستەو نەزەر بەزانبەری دەچەقین، کوردەکەی
ئیرانیش لە ئاست حکومەتەکەی قاجاری هەروەها بوون کەیش بە تەمانی یە گەلەیی
جم خەبەر بەرێنی لێیان. واقیعێکی هاناسەبڕی پشت شکێنی تەوخەلقەی تێبدا
گرفتار بوە ئەوە نی یە لە ترسی گەلەیی دوا پۆژ [کە هەر بە وەصیەتی دانەها تووە]
سەپێنی و سینگ دەریە پاندنی پێ کردبن لە ئاست داگیرکەری بێ پەحم. سەیری
مێژووی کۆن و نوێ بکەیت دەبینیت کورد کەمتر لە میللەتانی دیکە مەودای
کوێنی و دەماغ بەرزی شڵەژ بردوە. قسەلەم پێبازەوە شریتەی هەیە من لێی
دەپەمەوە. بەڵام پاستی یەکەی هەزم دەکرد بزانم ئەو پووبامی یە لە چ زەرفێك و
بە چ نیازێك داندراوە و چۆنا و چۆنی بۆ مەدح کراوەکە بەرێ کراوە. محوی هێنەدە
کۆن نی یە سەرو شوێنی خەبەراتی بزر بووبێت، لە غەیبیش نەژیاوە تاکوو مەودای
دوور باس و خواسی کێپ کردبێت. لە نموونە دا دەڵێم ئەو نەفی کرانەی ئەو و
چەند مەلایەکی دیکەی سلێمانی بۆ کە رکوك کە لە ساڵی ١٢٨١ ك. پووی داوە و
لە لاپەڕە (شەش)ی دیوانی محوی باس کراوە، ئەویەکەی بە نەزانراوی هێڵراوەتەوە
خستیە سەر پرس کردن: بە کوردی دەڵێم بە تەلەفۆن دادام لە براەرم (علی دروێش)
کرد لە سلێمانی، ئەویش قسەکەی بە ماڵستا عەبدوڵلا ئاگرین پاگەیاند، ئەویش
لە هەمان دەمدا بە تەلەفۆن بێنی گوتم کە لە مەلا ئەسعەدی مامی خۆی بیستووە
چەند مەلایەك
ئەسعەدلایەك بە حکومەتیان پاگەیاندوە کە محوی و مەلاکانی دیکە پێوەندیان بە
حکومەتی ئێرانەوە هەیە بۆ سست کردنی دەسەڵاتی عوسمانی یەکان... گوتیشی
ئەم باسەی لە گوتارێکی خۆی کە ساڵی ١٩٧٧ لە گۆڤاری زانکۆی
سلێمانی بڵاو کراوەتەوە، شەرح داوە. دیارە هەسوودی مەلاکانی خەبەرادەری
ئەستەمبۆڵ سەر پێگەی وەها دەزێو، پێشی ناوێن بە تەئویلی عوزریان بۆ بهێنێنەوە و
بەوەدا کە وا پەنگە جۆرێك مەزهەبا لە سنی یەوە بۆ شیعە کەمەری کێشەی تێ
بۆ چوخڵی بێ بەستبێ..

محوی کە بە عایەزەی ئاگادار و پەفتار حاڵەدە بیاتی سەردەمی خۆی هەڵکێشرێتە

له ئاکار و عەقیدەدا خوانەناسی پەست و هەق پەرست دەردەچێت، دیارە هەرکەس
ئەوتۆیی پاست و هەق پەرست لای چاکەی خەڵق دەگرێت کە ئەگەر بەکردەوەش
نەیتوانی بێت هەق بە خاوەن هەق بگەیەنێت بە دڵ و بەزار و بە قەڵەم پارەوی
هەق ناسی و هەق سەلمێنی و دژە ستەمی دەگرێتە بەر، لێرەدا دەبێ بڵێم، پەندی
(لە شاری کوێراندا دەبێ چاو بنووقێنێت یان دەست لەسەر چاوت دانێیت) هەر
نەبێ بتوانە سێبەرێکی هەوێ دەخاتە سەر پەفتاری ئادەمی، ئەو بۆتە سێبەرەش
لەکەسی بە عەیب ناگیرێت: هەرچی مەشوورەی (من رأى منكم منكراً فليغيره بيده
فان لم يستطع فبلسانه فان لم يستطع فبقلبه وذلك أضعف الأيمان) دەستووری
واقیعی و ئینسافکارانەیە لەم نەیدانەدا. چارەسەرکردنی بەڵایەتی و ستەم و
بێ دینی و ئاکاری دەهاچەپەڵ بە پاڵەوانبازی تاک تاکی مرۆڤ کەم دەسەڵات
وریێنەو وەهەمە، لە زۆر بارەدا خۆدزینەوەش لە بەڵایەتیەکی گەورەتر بە
سەر خەڵقیدا دەسەپێنێ ئاسان نییە. بەسە بۆ شەرافەتی مرۆڤ و کەسانی وەک
ئەو کە لەچنگی ئەو هەرەسە دەر نەچن. ئێمە ئەگەر لە کولانەی (نظری) یەوە
سەیری کۆمەڵایەتی بکەین دەبێ بەوە پازی بین مرۆڤ خراپە نەکات، کە خراپەی
نەکرد خاڵەبەخش بێت لە بەرهەڵستی نەکردن لە خراپەی غەیر، کۆمەڵایەتیش لێرەدا
ئەوەیە کە خۆمان و کەس تێدا زیاوەی نەک هی سوپاس و قسلە نەدە. لایەنی (نظری)ش
لێرەدا ئەوەیە کە (مرۆڤ) خراپەی نەکرد خراپەناپێنێ بەرهەڵستی لێ بکرێت.

دوای ئەوەی لە لایەن ئاکار و کردارەوە لە کەس بووینەوە بۆ ئەو ئەنجامەی
پێی گەیشتین لە شەرافەت و خاوێنی و خوانەناسی و دادخوازی، چ پێگایەک
لەبەر هەنگاوی منداڵانەی تێیدا بڕۆم لە باسی ژیان و بەسەربردن و پووداوێکی
بە دەنگ و سەدا دووچاربوو بێت چونکە هەر ئەوەندەی لێ دەزانم کە بەگوێرەی
لە پێشە لێکەکەی (لایوانی محوی) باسکراوەدا هاتوە. لەمەش بتوانێین، بڵێ نە هاتووم
لە ژیان و بەسەرهاتی محوی بکۆڵمەوە چونکە هونەرمەندێکی میهرەبان بەڕاوێژی
بە دەوری ئەم نووسینەدا گێشاوە کە بەستی بنجی تێیدا دەبێ ئەوەبە بێت نەک
بەسەرهات. ئەمە لە لایێکەوە:

لەلایەکی دیکە شەوە بە پێی تێگەیشتنی من لە هێڵیای پووشکین رەنگی دابێتەوە لە دیوانی محوی بەو جۆرەی تێیم نگەیەنێ کە دەخلی نایەتی هەبووبێت لە ئەدەبی محوی دە یا پووشکاری بەرەو لایەنێکی نوێدا سووڕاندبێت هیچی ئەوتۆ نابینم لە چاو تەقالیدی شاعیرە کۆنەکانماندا زۆق خۆ بنوێنێت. لە نموونەدا دەڵێم سەیرێک قەسیدەی لاپەرە ١٧١، ١٧٢، ١٧٤ لە دیوانەکەی محوی بکە کە لە تێڕشکانەکەی پووسیان بەرانبەر ژاپۆنیای ساڵی ١٩٠٥ هۆنراوەتەوە و بەهەموی یەک ساڵ ماوە ژیانی محوی لە ١٩٠٦ کۆتایی بێت، دەبینیت چ فەرقێک نییە لە نێوان ئەو قەسیدەیە و هەرچی پێش خۆی گوتراوە لەلایەن داپشتن و فەرهەنگۆک و باوەڕ و تەصوور و هەرچی شتێکی کە پێی تێ دەچێ بێتە ناو شیعری شاعیر دەیا رەنگێکی جوداکەرەوەی تێ هەڵسوێت. باوەڕ ناکەم لەوە تاکە ساڵە شدا کە ئەمەی محوی بەڵای کەمەوە (١٧٤٦ - ١٨٥٧ = ٧٤) ساڵ بووە سەودا لەقەبێت بۆ گۆڕانێک و پووسووڕانێک کاربکاتە سەر خۆی یا ئەدەبی. گەورەترین بنگەی خەیاڵ لەو قەسیدەیەدا دووخشتە: یەکیان ئەوەیە کە (زۆر) لە ناست (کەم)دا هەڵاتووە بەوەشدا باشتر توانای کردگار بۆ خەڵق تاشکرا دەبێت، ئەمەش عەقیدەی دڵخۆشی دەکات. دووەمیان ئەوەیە کە (قیصر) لە زەمانی پووساندا (چار)ەی ئێستر دەرفەتی پەیدا بووە بۆ کەڵک وەرگرتن لە پێکەوتنێکی خۆش کە لە کوردی و فارسیدا وشەی هەن (چار) بێت وەیا (چار)ی تێدا بێت بە وتەی هەمەچەشنە:

چاری قەدەر نزانە نییە، چەندە چاری وا
بێ چارە ما کە بووبە دووبەنجی قەزا دوچار

تا لەم دوو دێرەدا چوار چاران جێگە بۆ (چار) ئۆزراوەتەوە. لە بەیتی دیکەشدا (چار) هاتووە لە جیاتی (چوار) ئەمەیش شتێکە لە چەزی شیعر شیرین دێت. لەم قەسیدەیەدا دەرفەت بۆ سینش هاتووە کە دەوری بەیتی چوارەمی لەبەر بێم:

ئەوپەڕە تریشقەیێکە کە کێوەکت دەڵا بە باد
ئەشباهی ئەوەندە زۆرە بەکەس نایەتە شومار

لەم بەیتەدا هێمایەکی بەهێز هەیە بۆ ئایەتی (فلما تجلّی للجبل جعلهُ دکّاً و خرّ موسی صعقا). مامۆستا سەلاحەدین وەکاک محمد تەم لایەنەیان تێ نەخوێندۆتەوە. سەیر ئەوەیە پاشماوەرگی محوی بە ٢٩ سال بڕمبای ئاتۆم (ذرّە) بەسەر ژاپۆندا هاتە خوار وتەو تریشقەیەی لێ کەوتەوە کە دەزانین کێو دەدا بەباد. ئەگەر محوی مریدی مانا نایە (دەپرە تریشقە) یان بۆ پێش بینی وکەرامەت لەقەڵەم دەدا. کە دەتێم لەم نووسینەدا باسی چۆنێتی ژیان و پەروەردەوکانی بەرهەمنگاوی محوی مەبەستمە نەهاتووم بەتێم زانینی ئەوانەیە کەم یا زۆر هەر تەوەیە کە جێگەی لێرەدا نابێتەوە. تەنها ئەگەر بڵێین بۆ جێگەیشتنی مانای شیعرەکانی دیراسەی ژیان و میژووی سەردەمەکەی پێویستە، پاستیەکەی زۆر بەدەگمەن، ئاوناوەیەک نەبێ شاعیرەکانمان تابلۆی دەروونی خۆیانیان بەشیعر کێشاوە نەک بوونەتە ئاوێنەی ڕۆژگاریان. بوونی شاعیر مەلا و خوێندەوار بە ئاوێنەی واقیع بەدەگمەن ناچێ باسێکی زۆرتر وەیا خەفەتێک بۆ دار وەیا پەنگێکی عادەتی واقیع بکەوێتە بەرهەیانەوە چونکە بروڕش هەر زار هەڵێنێت بە ناچاری شتێکی بەزماندا دێت پێوەندی بە بازارە یاخود کۆڵان یاخودا مزگەوت وتەکیە و خەرمان... ەوە هەبێت باچیمەبەستێکی نەبێت من وتۆ لە نووسینەدا بە دڕستی میژووی هەڵدەینەوە. کە مرۆڤەکە کەوتە سەر باری شیعرەکانی دەست دەکات بە بزاردە کردنی وێنەی شیعری. لە ڕۆژگاری محوی وپێش محوی دا (وێنەی شیعری) ئەوە بوو کە لە دیوانەکانیاندا دەی بینین: خەیاڵ، وردەکاری، ئارایشت، نوکتە ئارایی، هەڵەرەتی دارشتن، وێنەی هونەری تازە یاخود تەقلیدی بەپێی دەسەڵاتی شاعیر. وشتی ئەوتۆیی کە لە چارچێوەی مەفهووی سەلمێندراو و بەهەڵە یارەی مەقبووڵ پێوراو کێشن و قافیەی ڕێک بن. ئەوەندەی شاعیر خەریک بووە بە زمانی شیعری ئەوسا ئیهتمامی نەبووە دەمی یار بکات و کەمەرەکەی لە مووبارێکیت بکێشێت گرێی نەدابێتە پووداو، بگرە خۆی لە چاکەوخراپەی دنیا ئاگەیاندووە. سەرجی بگرێت دەبینیت شاعیرەکان مەزهەبێکیان نەبووە بۆ خۆتێگەیاندنی کاردانەوە ئەم دنیایە، کەی پووداوێک کەوتە بەرچێزی یاخود خزمەتی مەهارەتێکی نارشیعری

کرد زیگمایێکی ئێ خوار دەکاتەوە. سالم تەو شێوەنەی بۆ بابانەکان کرد لەوەوە بوو
کە بڕین کەوتبوە لەشی خۆی دەنا هەشت ساڵێک پێش تۆ چوونی بابان پەواندز ئێی
قەوما بوو بیری بۆی نەچوو. هەڵبەت من زۆر مەمنوونی سالمم کە شیعری
خۆی کردە لاواندنەوە بۆ شێوەنی تێچوونی بابان، خۆ دەی توانی بەو تەدەبە پێ دنیلکە
بگات بەرەو دەسەڵاتی نوێ، کە نەی کرد لە مەرایەتی و هەستی بریندار و دەماری
کەرامەتەوە بوو. بەڵام دەبێ خۆمان بە سەهوو انە بەینە لە دەڵالەتی پەروەردە: لەو
دەمانەدا کەس گلەیی نەبوو لە خۆدزینەوە وەیا خاموش بوون لە ئگبەتی یەکێتی
لە نزیکەوە خزم و دۆستی نەبووبێتە: بە پێکەوت مەوی وسالم و کوردی... شیعریان
هەبە لێیان دەبێتە شایەدی چاکەو ئاڤایە، نەدی تۆ و عالەمەی کە شیعری
نەگوت خۆ هەموویان هەر بێ باک بوون بۆچی جاصیل بوونیان بێبێتە شەفاعەتکار؟
هەر ئەوە جاهیلە لە سەرگیسکێکی خۆی ئامادە بوو دز بکوژێتێ کەچی بۆ پەواندز
گوێی ئابزوێتێ!!! شاعیرەکان گۆرانیان نەکرد بەکەریان هەبوو، ئاشاعیرەکانیش
چاکەیان نەکرد کە بەکەریان نەبوو. بائێمە عەیارەمان خوار نەبێتەوە و نەڕازووەمان
لەنگ نەکەینەوە دەوا کە چاکەی شاعیرەکان لە بیر بکەین هەر چونکە دەکوو ئاپۆرەی
خەڵق هەستیان بە ئێش و ئازار کردبێت نەک وەکوو غالدی.

من کە لە سەر شاعیر دەکەمەوە جەماوەر خەتابار ناکەم: دەمەوێ بە چاوێکی
ئینسافەوە سەیری خەڵق لێرە بەپێشەوە بکرێتێ. نە شاعیر و نە غەیری شاعیر
لە بارێکی نەخسی و زیارەتی و پاپیارەی ئاسایوەری تەوقەدا نەبوون پەیز بگرن و
لە دڵی زۆر وستەم هەڵچنن. هەزار لۆمەی بەدواکاتی تەم پۆژگارەی بایی
هەزارەیەکی تۆو نەگبەتنەیە کە بابایەکی بەر لە ١٠٠ ساڵ بە شەڤ وشۆڵاق
دەخزایە زیندانەوە و مال وسامانیشی لە ترسان و لە برسان زیرەیان لێ هەڵدەستا.
هەستی سیری کۆمەڵایەتی تەدەسەردەمانە کە مێژووکرد بوو نەک هی نامەردایەتی
خەڵقەکە، وەها نەبوو بۆ ئازاری غەیر بەخەبەر بێت وەیا بتوانێ تیمارێ
دەردی غەیر بکات: هەر کەسە خەمەریک بوو خۆی بژێت و بەرەکەی لە ئاد
دەرکات، تەنیا کە من گلەییت لێ نەکەم تۆش گلەییت بە سەرمەوە نامێنێ..

چ شاعیرو چ غەیری شاعیر لە هیچ سەردەمێکی کاری دنیا بەشدار نەبوون هەتا
چاوەنۆڕیبێنی دەنگ هەڵبەستی بەخەڵگرانەیان لە کاری ئاپەوا ببیەن. هەڵبەستێ

قسەی پووت نی یە، کردەوەی لەگەڵ. چ زانیکیش بەتەما نەبوە لە قسەی
پووت تووڕە بێت. لەنووسینێکی عەرەبیم، کە جارێ لەژێر چاپدایە گوتوومە:
(محل فلسفة فی الارض وهل حکمة فی السماء تکون معطلة انا عدمت بشراً یؤمنون
بها ایمان أداء وتنفیذ) دواتریش لەو نووسینەدا دەڵێم: ستەمکار چونکە
دەی زانی ئەوانەی لە دیوانی دادەنیشن پیاوکاری هەرگیز هەیاڵی بۆ ئەوە نەچوە
کە لە شیعردا دژی ستەم قسە دەکەن ئەویان هەبەستبێت/بوو خۆئەوان پانەوبات
پە دادوتینا فی ئەویان هەڵ دەگوت. لە کوردەواریدا شاعیری (مداح) بە واتای
مەزموومی سەردەکۆنەکان پەیدا نەبوە چونکە بارەی وەهای بەخۆوە نە دیتووە
لە دەوڵەمەندی و سیاسەتەداری و بەرژەوەندی زل کە بۆ دەوڵەت پارێزی
پەکی لە سەر شیعر کەوتبێت: لە کوردستانی باشووردا بەر لە ئاخەڵیوەی
عەرووزی
هوکمی عەبدوڕەحمان پاشا شیعری کوردیان نەبوو چ جای شاعیری مداحان
هەبێت. شێخی پەزا بە هەڕەشە نەک دەست پان کردنەوە مزەی مەدحی لە
کەسانێک دەستاند کە هەژیان دەکرد باسیان نەکرێت. ئەم حاڵەتەی دەست
کورتی و بێ سامانی و هەژاری سیاسی وەهای کرد کە شیعری سەردەمی
محوی لەو جۆرە بمێنێتەوە کە شیعری شاعیرە گۆشەگیرەکانی سەردەمی عەباسی
و دواتریش تێبدا قەتیس ماو بوو. لەو دەمانەدا کە شاعیری مزە خۆر دیوانی
هەلبەست و ئەمیر و وەزیرەکانیان بە شیعری زرینگەدار دەپازاندەوە شاعیری
گۆشەگیر زۆر بوون شیعریان بۆ دەردوی خۆیان دەگوت. بێ گومان ئەگەر لە
کوردەواریشدا بازاڕی شیعری مەدح بەرەوپایە محوی هەر ئەوەندە دەبوو کە
دەی ناسین. ئەوتاکە ڕوباعییەی بۆشای ئێران بە سێ بەڵگەی مەحکەم
ئیپاتی قسەکەم دەکات:

بەڵگەی یەکەم ئەوەیە کە تاقانەیە.

بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە دەست پان کردنەوەی تێدا نییە.

بەڵگەی سێیەم ئەوەیە کە ئەویش وەکوو حاجی قادر مەدحی دەسەڵاتداری
نزیکی نەکردوە بە پاداشی لێ بکرێت.

لە نووسینێکی هەفتاکانەوە بابی ژانینی خۆم و هەوڵەکانی بۆ شکاندنی دیاردەی کنارەگیری و خۆ لە دنیا نەگەیاندن و وەسکت بوون لە پەرواز و تەوجوڕە دووبارە پارێزیی یەکی شاعیرە ناسراوەکانی لێرە بە پێشەوە وەبیر هێنامەوە کە ئەوەتا بە بیرمدا دێتەوە و پێشی پێ ئەزیم، دیاردەکە دەچێتەوە بۆ بێ دەسەڵاتی و بێهێزی نەبوون لە هەستەوەکەوتی دنیا و قەدەغانی کاری گرنگ و چارەسەرکردنی گرفت و کۆسپی کۆمەڵ و تەنها وتەرزە بێ تەرەفیە ناچارییەی کە دەکێشێتەوە بۆ بە خۆوە خەریک بوونی شاعیر و پەنگ خواردنی دەروونی، تائەوەی وەک ئەو هەبانەی کە ماوەی ١٠ - ١٥ ساڵ دەبنە ماهیرترین کەس لە هونەری نەخش شاعیری بخابەشیش لە کاری دنیا دەبێتە وەستای نەخش وتەرزی ناو شیعر. بێگومان هەندێ باوەڕی سەر بە قەدەر و قەدەریش دەبێتە پرت خۆش کەرەوە بۆ بەکەم خواردنی شاعیر و خەیری شاعیریش لە حاڵەوبارێکدا کە هەرگیز پرسیار بێ ناکرێت و تێ ناڕوانێندرێتەوە. بەڵام قەدەر و قەدەر بە تەنها قەت نەبۆتە هۆی ئەوەی بوون: لە دەمی پێغەمبەرایەتی دا شاعیر هەبوون و پێویستیش بوون بۆ لە سەر خۆکردنەوە و دەڵام دانەوە و بردنەوەی شەڕە دندووکێنی وشەیی. من ناوەڕۆی لێرەدا بچم ناو دڕێژەی تەوهۆیانەی دەهایانکرد کۆمەڵایەتی کورد مرۆڤەکانی نەزۆڕ بێت، هەر نەوەندە دەڵێم نەوەشیا کورد لەو بارەی تێیدا دەژیا مرۆڤە نەبێت و شاعیر و خەیری شاعیری دووبارە پارێز و پڕەوو قەدەر نەبن. ئێستاکە لە ساڵی ١٩٨٧ من ئەگەر دووبارە پارێز نەبم چیم؟ حکومەت بە خێری خۆی پرت دەدات نووسینی بڵاو ببێتەوە، لەوە بەوڵاوە چ دەکەم؟ هیچ هەر هیچ. ئێستر محوی و کوردی و وەفایی چیان کردبایە دەبوونە زۆڵەی سەردەمی خۆیان! بەشێکی زۆری نووسەرەکورد خەریکی بڵاوکردنەوەی هەیرانەو بەستەو بالگرەوەیە کە ئەمانە لە تای تەرازووی هیچ سەردەمێکدا نابنە هاوسەنگی شیعری تەواو باس کراوانە نە لە پرۆفسۆر دنە لە ناوەرۆ و نە لە هیتاوا. ئەگەر بالگرە بڵاوکراوانەکە نەوەی چیان پێ دەکرێت؟ سەقافەتی نوێ وەصڵ کردووە هەنگە یانەوە هەبێت بەڵام مەرجێ زۆرە. مەرجیش وازلێ بهێنین بە دەگمەن نەبێ کەس لە پایەی بەسەهوو چوونی خۆی هەڵ ناگەڕێتەوە. کەس بە تەما نیە بە پەخنە لە خۆگرتنی وازلە باوەڕی پووچەڵ بهێنێت تا ئەوەی کە نەچەپەشی ئەو

پووچەڵی بە بیرمان دەگەیەنێت وازی لێ ناهێنین. تەنیا کەسانێک دوای ئاخەلێوەی صەدەی بیستەم لەسەر بوت پەرستی مۆدێلی نوێ بۆهێز دادەنێن لەمانەش مەولەوی و کوردی وان لە (قەدەریە) بڕیارێکی کە هەرگیز (قەدەریە) بە عەیارەکی خۆی ڕاست دەردەچێت و وەڵامەکەی نییە کە شێلگیر چاند و ئینسان نەبوو بەردەوام لەسەر شێلگیر بە ڕستی.

گەلێکیم لە هۆی نییە کە ڕەمانی حاکمایەتی بابان دەنگی نەداوەتەوە لە دیوانی چونکە لە عەیری دیوانی سالم دەنگی لە دیوانی کەسی دیکە نەداوەتەوە، حاجی قادری پێش تاوارە بووبن بۆ تەستە نێۆڵ نە باسی ڕەمانی بەواندز و نە بابانی نەکردووە.

پێم بڵێین شەشی تەبلوول لە چەند جێگەی کوردستان دەنگی داپەوە؟ سلێمانی کە بۆ شەشی تەبلوول دەنگی بەرز کردۆتەوە خۆی تازیەدار بوو. لە ١٩٥٧ کە لافاو زەردەی لە سلێمانی دا چالاکانە هونەرکار و مۆسیقار و گۆرانی بێژیان کەوتنە پێتاک کۆ کردنەوە، بەڵام چەند ماڵە هەژارێک لە هەولێر ئاو بردنی یەک سەکە پیازیان بێ پەروا نەدێترا.

بڕین کوڵاندنەوە خۆشی نییە بەڵام بێ سوودیش نییە.

شیعری کۆی دەبێ بە کێش و تەڕازووی سەردەمی خۆی هەڵ بکێشرێت، ناشێ لە پەنا فکری (ڕوحی) وەک تیری تانە و پەخنە بۆ هەزار ساڵ بەر لەئیرۆ بەڕێ بکرێت.

هەردوک پەروا نییە بە خۆڕایی گەلەیی ساز بدرێت هەردەهاش پەروا نییە لە دەرەوەی شیعری شاعیر وانای بۆ بخوازرێتەوە و یێی بار بکرێت، دۆزینەوەی وانا لە دەقی شیعر هونایە لە بەسەردەوەنان: ناشێ بەرۆشی دەروونی خۆم وەیا باوەڕم بە چاک وخراپە وەیا بە ئیمان گەیاندنی نیازێکم بەهاوێتە سەر تەئویلی بێ بنگە لە شیعری کۆی وەیا ابن الفارض وەیا ابونواسا. کە شاعیرێکوردگوتی:

قەزاو قەدەر هۆکمی خۆی دەکات ڕێم نییە بڵێم بەوەڵا مەبەستی بزاوتنی گیانی کوردایەتی یە گۆیا وێستوویەتی بڵێ خزمینە بە ئومێدبن!

لە نموونەی پەروبەواتا گۆرین لە ڕێی تەئویلی بێ بنگەوە هەم بەیتەکی ضوارەدە لە لاپەڕە (١٧) ی دیوانی کۆی دەهێنمەوە:

بۆ دوکانی شتەرێ گر هەول نەدا کاڵا خرۆشێ
دینی وا دێنێتە قیبەت ضواجە تەعضایی بکات

لەو لاپەرەیەدا شەرحی بەیتەکە دەکا کە مەلایەکی بۆ خواستوونەوە و پێشیشی لە خواجە خواستوونەوە بۆی...

ئەم تەئویلە هەرگیز لەو دەقە لەڵ ناستێت چونکە مومکین نیە پێشی خواجە لەو دەقەدا بە شەویلەی کەسەوە بنووسێت چ مەلا و چ غەیری مەلا. پێشی خواجە هەر لەشوێنی خۆی دا دەبێت و بە پێشی خودلەگایەتی یەوە دەبێ بچێتە ئاو ئەخوەندنەی (پەرنگە لە دادگا بێت) ئەعضایی تێدا دەکات، کالا فرۆشێکی کە ئەو دینە ناباوە دێنێتە قیمەت بۆ ئەعضایی خواجەی جوو هەربەزە بێتێکە، فێڵباز ئیلە، قوڵ بڕێکە، بێ دینێکە نموونەیی و نوێنەری بەدایەتی یە: ئەگەر بە مل مەلا وە یا شێخی وە یا تورجار وە یا وای و قاضی و سەرۆک وەزیرانیشی لە بەرێت لە واتای کەم دەبێتەوە و بایەخ دەدۆڕێنێت چونکە لە (مطلق)ی بێدین و ساختەچی وێک دێتەوە بۆ (مقید)ی مەلا کە دەزانین زۆربەیان برسی و هەژار بوون و دەسەڵاتی جوولەکە دانەزراندنیان نەبوە بە ئەندامی دایەرەی بەرزی حکومەت. بە هەموو حاڵ دەسەڵاتیان هەبووبێ ئەوان بەر تەعنەی بەیتەکە ناکەوێن مەگەر وەکوو هەر کەسێکی دیکە کە هەموو ئەسنافی کۆمەڵ کە تواناو دەسەڵاتی ساختەی زۆری هەبێت.

نموونەیەکی دیکە لە لێک کێشانەوەی پەڕوێزی وانا بۆ وەبەرهێنانی بەیتێک کە شاعیر نەیوێستوە و شیعرەکە لەڵی ناگرێت:

لە لاپەرە ٩٠ ی کتێبی (لە بارەی مەحوی لوتکەوە) بەیتێکی دیکەی مەحوی کە ئەمە دەقەکەیەتی:

قەزا، بێ دەستەلانت کا، چیە غەیری رەضا چارە
لە بەر دەستا هەلابا رێوێکە شێرێ پێل بەستە

مانگری لە (قضاء) وە بۆ (رێکەوت) وا لە تصوفەوە بۆ کۆمەڵایەتی بادراوەتەوە ئەم تەئویلە نە بەیتەکە قبوڵی دەکات نە مەحوی، ئۆیشی پێی پازی یە چونکە تەواوەندەی لێ شارەزایین کە بەڵای ئەوە وە بێ دەسەڵاتی کۆمەڵێش هەر دەچێتەوە بۆ تەقدیر. ئێمە پێشتر دێتمان تێ شکانی پرۆسیای زلەوزەبەلاح لە ئاستێ

زانیوی. بەووکی کەم شەرەت دەداتەوە بە قەزا و قەدەر، ئایا بەکێ دەگرێ تەم
تەدەرەیان یا هەڵداتەوە لە خواوە بۆ کۆمەڵایەتی. محوی بابەتی وەهای هەیە هەڵدەگرێ
دڵداریەکەی بە دڵداری پاستینەکێ بدزێتەوە ئنجا دەشێ لە دەمی گەنجایەتی یا شیعری
وەهای گوتبێت وەیا لە کامڵیشدا پێرەوی دەستووراتی شاعیریەتی تەو پۆژانەی
کردبێت، هێندێ قەسیدەشی هەن مزاخ لە تصوف و ئەخڵاقی بێ تەئویل. ئنجا
هەردوکیان ناشێ شیعری دڵداری بە زۆر هەڵگێڕدرێتەوە بۆ تصوف هەردوکیشی
جایز نیە تصوف لە سەمەوییاتی خۆی پەوت بکرێتەوە و بخرێتە قاڵبی کۆمەڵایەتی.
پاستیەکەی لە لایەن بەخۆدا پایەی مەوزونیشەوە چ شیعرێکی قەبەست ئاکەین لەوەدا کە
محوی وەها شاعیر دەرەسەڵنەدار لە تەعبیر و تەبیات ضورەت خۆ لبدزێتەوە لە (صراحة)
بۆ ناوەتەوی تصوف وەیا پاستە عقیدە، بە بەیتی سەرپۆشی کراو کۆمەڵایەتیان
فێر بکات. تەگەر (قضا) قەزا و قەدەر نەبێ و کۆمەڵایەتی بێ دەبێ محوی ترسابێ
وەیا نەیزانی بێ هەستی دەرەون نداتەوە بە هێزی ئاخاوتن. لەلایەن ترسانەوە بێ
تەوەی من بڵێم دیوانەکەی شایەدی بۆ دەدات کە چی ویستوە تەوەی گوتوە، خۆ
نەهاتوە شەڕ بەم و بەو بفرۆشێت و ناوی ضەڵق بەهێنێت ئیتر تەقیە لەچی دکات
کێ تەقیەی کردوە تائەوی بکات. لەلایەن تەعبیر و زمان زانینەوە هەموومان
دەی ناسین چ ئوستادێک لە گوتار.

گەلێک بەیتی دوای ئەم بەیتەش دوور خراونەتەوە لە بەهەستی خۆیان
وەک پەنگی سووری یاقووت و جلی خەیتی پیرۆزە لە بەیتی:

لە کێ بڕکم دڵی بۆ پڕ لە خوێنی حەسرەتە یا قووت
عەزایۆشی چیە و کێیە؟ جلی پیرۆزە بۆ شەینە

وەها لێک دراوەتەوە کە محوی لەم شتە هەوانانە ١١ ئازار و ژان و فرمێسک و
هەناسک و حەسرەت و دڵتۆپی خوێناوی و قوڵپی گریانی دەرهێناوە کە گەورەترین
شێوەی ئازاردانی مرۆڤی عشقەتە بەرچاو.. ئازارەکە بەهۆی سزادان، لەبەر چەوساندنەوە
لەبەر دارکاری گیان و هەستی ١١. بنوارە لایپەڕە ٩١ و ٩٢ لە (... محوی لوتکەی).
بەهەستی محوی لە سەرەتای قصیدەکەدا دیارە و تەئویل هەڵناگرێت تەنانەت

ئەگەر ڕێگێ تەئویلی خام ناوەخێیش بدرایێت دەبێ لە بەیتی دووەمدا کەدەڵێ:

دەبینی چێیە لێ ئەمڕۆ بەزمی عەیش و بادەنۆشینە
سەبینێ زوو زەمانە وا منعی گۆڕیوە لە نۆشینە

دەبێ لەبەستی کوی شێوەن کردن بێیت بۆ ئەو خوا چێ داوانەی لێیان تێک دەچێت چونکە (بەزمی عەیش و بادەنۆشین) هی چەوسایەوە و سزادراو نییە.. گەلەیی کوی لە هەموو وجودە نەک لە بەشێکی. سەرەتای قەسیدەکەش هەر وەها دەگەیەنێت و دەهاوەستێ بێ دەڵێت:

لە ڕۆژێ هەڵدرا ئەم کۆنە خەیمەی تان و پۆ شینە
لە سایەی داشەڕابی بەزمی عوشرەت گرێیە هۆ شینە

هەروا لەهونەری زاڵ کردنی هەستی دەروونی بێزەر بەسەر دەقی شیعردا زۆربەی تەد بۆچوونانەی نێوان لاپەڕە ڤانی ١٩٧ — ٢٦٦ لە کتێبەکەی (مەهوود لونگە) دا بە ناشکرایی وێڕانی نووسەرەکە کە لە هەموو نووسینەکەی خۆدەنوێنێت، تێکەڵا بە دڵۆدەروونی کوی دەکەن. لە لاپەڕە ٢٦٦ کە ڕوباعیەکەی (ئەم پارە پەرستانە..) شی دەکرێتەوە نووسەر پاڵ بە مەبەستە ناشکراکەی کوی یەوە دەنێت هەتا بەپارەوە خۆی دا دەگەیەنێتە کۆتایی قەسیدەی:

"لە پیر مەردی ئەجەل بۆشیشەیی عومرم نەدا بێ زوو"

کە ئەم بەیتە یە:

دەمی طەبعی بەجاری عالەمی داگرت ئەوا کوی
دەرەنگە ئیلتیجا بە بەر دەری عالی جەنابێ زوو

ئێستە بە چەند دێڕێک لە لاپەڕە ٢٦٧ کار دەگاتە دوەم بەگایەتی دنیچەسەرمایەداری و چینایەتی...

من ناتوانم لێرەدا بەدوا ئەو تێبینی یە بێجیا نەکەمەوە کە وا لە ئاغەڵێ بیرەڕاڤانی ئەو لاپەڕانەدا داوای شەرح و کەلێن گرتن و خستنە قاڵب و پاست کردنەوە و بادانەوە بۆ پارەوی کوی دەکەن چونکە بە نیچە کتێبێک لێی نابەوە، هەر ئەوەندە دەڵێم دەبوو نووسەر بۆمان ساغ بکاتەوە کە ڕوباعیەکە زووتر هۆنراوەتەوە

لە قصیدەکە بۆ ئەوە بشێ، هەر نەبێ، پەراوێزی، بەڵێنمین کە محوی بە پلیکانەی
ڕوبایەکەدا سەرەژوور چوە بۆ قصیدەکە.

بڕە شیعرێ (ئەلعەیاز) کە ڕووبەڕووی تێکڕای ئەهلی (شار) گوتراوە:

بۆتە موئنیس، بۆتم مەئوا قەدیم و شارێ ئەلعەیاز
دێوی بێتێ جێ بەجێ دەڕوا بە باری ئەلعەیاز

هەرکەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەدیمە بووبێ تاقەبەد
بێتە وە فکرای لە زاری دادە باری ئەی لعەیاز

باداوەتە بۆسەر (دەسەڵاتداران و دەستڕۆیشتوان) - لەپەڕە ٥٥٥ کتێبی
محوی لوتکە -. ئەو محوی وا نیە لە محوی کە گلەیی یاری لە زەمانە و خەڵق
کردبێت مەبەستیان جوداکردنەوەی چینی زۆردار بوە لە زۆرلێکراو. ناوناوە
لە بەیتێکدا وەیا لە قصیدەیەکدا ئەم قەڵاوەردنە هەبووبێت (مزاجیە)ی
نە بە غەشیوە. هەر لەم شێوازەی محویدا بەر لە هەزار ساڵێش گلەیی وەهای
لە زەمانە و عالەم کراوە تا ئەگەر محوی لە قصیدەکانی هی وەهای هەبووبێتە
(زهد)ی گرتبێتە بەر. شاعیر هەبوون لە کۆنەوە هەر (زهد) یان کردوە بە
پایەو هیچیشیان بە شۆڕشی فکری داماندرێن دژی چین وەیا زەبەر و تیرێژ
وەڵ پێشترێش گوتم کەس لەو تەرزە شیعرانە وەتەنگ نەهاتوە چونکە بە هاندان و
خەڵق تێژکردن حیساب نەکراوە. لەو ئەلعەیازەدا بە بێتێک هەیە دەڵێ:

ئەهلی تەزویر وفەسادن غاصیبی مالی عیبادە
موبتەلای بەم بەڵایە ئەهلی شارێ ئەلعەیاز

ئیشارەی بۆ (غصب) هەیە: ئەم غەصبە بەر زۆردار و ئەهلی بازاڕیش
دەکەوێت کە پێشەیان بەسەرەوەنانی قەرزە بۆ حیساب قەرزدارەکانیان
تاکوو وەهادەبێت قەرزەکە دەکرێتەوە سەلەم بۆکۆرزی دانەهاتووی بەرخ و گیدا
لێتر نە ئاکامدا پەنگە لە بری دینارێک قەرز پێنجی دینارێش وەرگیرابێتەوە. هەر
چۆنێک بێت زۆردار بەلوونتێکی بەرچاوی ئەهلی شارە لێی دەوە شێتەوە

ئەوەندە سوحبەتەی لەگەڵدا بکرێت. خوا لە ناوی ببات کە مرۆ نەتوانێ لە ناوی ببات. تێگەشتنی چیتایەتی و بیری چیتایەتی لە کوردستانی خۆماندا هێندا سیبەرگانیشی سەری هەڵنەدابوو، کە سەری هەڵدا لە ئاکامی بڵاوبوونەوەی بیرۆباوەڕە کانی شۆڕشی تۆکتۆبەر بوو نەک لە ئەنجامی چینێ بۆرجوازی کە تایبەتمەندی پەیدا نەبوو. گوتوومە و لێم باسەشدا گوتم تاکە (صراف)ێک لە کۆرد نەبەسەرهاتوە..

محوی ئەوەندە پەنجەنیشان نابێت کە بە سەردێژەکی خراپ و بێ دینی دا هاتۆتە خوار چونکە تەقلیدێکی کۆنی شیعرەکانی (وشە) یەکلایی لە بەدایەتی بکەن. تەبعو نواس کە بە پارەی پاداشی دەڕیا خۆگیف لە ماتەوەدە دەڵێ:

وستعبد اخوانه بتراثه
لبست له کبراً آبرّ علی الکبر

محوی لە لایەن شیعرەوە بە مەتانەتی داپشتن و نوکتە ئارایی و سەرەڕۆمانچوون لە دەستوورە سەلمێنراوەکانی شاعیریەتی سەردەمی خۆی و دەربڕینی هەستی بە شێوازی هونەری قەشەنگ و داهێنانی وێنەی زیهنی نوێ و بەهێز هێشتنەوەی شاعیرانەتر لەو مەبەستە شیعرییە ئاشنایانەی هەموو تێیاندا بەشدارن.. لە ماندو لە هۆرە داپشتنێکی لوغەوی تایبەت بە خۆی کە شەقڵێکی جوانگەڕەوەی تەعبیری تەواو لە شیعری کوردیدا محوی دەچێتە پێزی یەکەمی شاعیرە گاماخان و لەتەنیشت نالی پاڵی دەداتەوە.

لێرەدا پایەک دەردەبڕم دەبێ لەبیستنی و بەلاوە نانی پەلە نەکرێت:

هەندێ جارێ پێم نەبووە بە وردی دیوانەکەی محوی بخوێنمەوە، بگرە هەوڵی قەرزاندەوەم بەم گوتارەماوەی نەداتی هەمووشی بخوێنمەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کەمن لە خوێندنەوەی شیعری کوردی سەرم بە هێزوگلێشدا ناگرم بەڵکوو نەبزی هەر بەیتێکی لە دەماردا فڕێکە دەکات، سەیر نییە بەزووبی دیاردەی بەرچاو لە دیوانێکدا بەدی بکەم: من ئەوەندە دەبینم شەبەنگی نالی لە شیعری محوی دا بزەوە دیارێشە، نەک تەنەوبەس بەڵکوو بزربوونەکەی لەو شوێنانەدا کە پێویست بوو دەرکەوێت بەڵگەی دیار بوونێکی لە وێژەی محوی؛

سەبارەت بگرنە قەسیدەی (بەحری تەویل) پاتەوپات (معارضە)ی قەسیدەی

(ئەلائی نەفسی بوبوتا ـ ڕەتاکەی حیرصی وێرانە)ی نالی بێ کردوە، وەک دەڵێن معارضە هۆنینەوەی شیعرێکە لە قافیە و کێشی و ناوەرۆکی شیعرێکی مەشهوور. لە موعارەزەدا دوشمنایەتی مەبەست نیە مەگەر ئەوەندەی وە بێکا بە دوشمنایەتی. لەم قصیدەیەدا محوی کە بەرێبازی نالی دا ڕۆیشتوە دێت لەبەرەو کۆتایی هەڵیە ستدا دەڵێ :

موکەررەر بوو قەصیدەی بوردە نەشئەی عالەمی پڕکرد
بفەرموو بۆ قصیدەی کوردە ئۆبەی نەشئە پێوانە

واتە: قەصیدەی (بردە، بردیە)ی بوصیری کە لە نەعتی پێغەمبەرە (د) زۆر گوتراوە، بفەرموو بۆ قەصیدەی کوردە دەست بە نەشئە پێوی بگرێت. محوی بە تانقەست معارضەی نالی دەکات کەچی ناوی (بردە) دەهێنێت کە کێش و قافیەی جوانیە لە هێنەکەی محوی، خۆ مەعلوومیشە قەصیدەکەی (نالی)ی بیستوەو بەدڵیشی بووە و خۆیشی هەڕیک کردوە لە قصیدەکەی خۆی دا لە نالی دانەماڵێت، بەڵگەش ئەوجگە لە دەلالەتی (معارضە) خۆی، کە بەیتی چوارەمی قەصیدەکەی دەڵێ :

لە تاریکی شەوی کوفرا بە یەک دەم لەمعەیێکی دا
هەزار و سێصەد و بیست و دوو، دنیا چراغانە

دیارە لە ١٢٢٢ ك. قەصیدەی داناوە. نالی لە ١٢٨٠ ك. مردوە، تا دەم قەصیدەکەی محوی ٢٧ ساڵ تێپەڕی کردوە، لەوەدا نی یە بگوترێ دەشێ محوی هاوڕێ چاوی بە دیوان دەیا قەصیدەکەی نالی نەکەوتوە.

لە ناوەرۆکی قەصیدەکەی هەر دوانیشی بەراوردێک بگرێت گەلێک شوێنی بەخەی نالی لە محوی دا دەدۆزرێتەوە بە نموونە محوی دەڵێ :

ج مەحیکت بکەم لائیق بەتۆ ئەی خیر خلق اللە
منی بێ خێری نالائیق کە جیبریلت بێ نا خوانە

کە لە نەعتەکەی نالی دەڵێت وەک خۆی:

مرادم زیللەت و پایانەوەی حاڵە نەوەک نەعتە
بە چەند بەیتێکی کوردانە کە قورئانت شەنا خوانە

هەم بەیتەکانی ئاشنا کراوە کەی بەحری و هەم بەیتی (مرکەبێرەوە بۆ بلوو ...)ت بە بیردا دێتەوە وەک ناوشەی کورد لەویاندا و (ئەنا خوان) لە میاندا (قافیەی مشترک) ی هەر دوو قەصیدەکەیە..

لەم قەصیدەیەو لە بەیت و دووبەیتی دیکەشدا نالی بزرێکی دیارە.

سەیری بەیتی یێیەم بکە لە لاپەڕە ١١٠ ی دیوانی محوی دەڵێتەوە:

(ڕەحمە) بوو شێتێیە ئەگەف قصێکی عاقڵانەی دووت
خۆشم عاقڵ لە بەرگی عاریە خۆم کە عاریف کرد

ئنجا تەماشای ئەم بەیتەی نالی بکە:

من لە بچێ بەرگی ئەحرام بڕسی کە بۆچ ڕووتی گوڵت
یا ڕەبی شێتێ بم ئەگەر شادبم بە بەرگی عاریە

وادەزانم (ڕەحمە) و (ئەحمە)ش یەک ناوبێت لە ئووسیندا بەهەڵە گۆڕاوە یاخود محوی بە ئانقەست ئەحمەی کردوە بە ڕەحمە. لە واتادا هەر دوو بەیت یەک شتن.

لەم بەیتەدا، محوی، کە دەڵێ:

ئەم فیزاعەت بە دووەوە هەقتە کە ناپرسی چیە
تۆ یەکێ دانیم هەزارێکی وەکوو من دڵو بە دووت

وەک نالی شاعیرانە و ئۆستادانە وشەی (هەزار)ی بە واتای دە جاران هەدو بە واتای بولبولیش لە کار هێناوە. نەک هی دیوانەکە بۆ ژمارەی هەزار نەچوە. لە ئەصلیشدا هەردەب کە بە بولبولی گوت (هزار - هەزار) وشەی (هزار داستان)ی کورت کردەوە بە واتای (هەزار ئاهەنگ). نالیش گوتوێتی:

رۆحی تۆ گوڵێکە صەد بەرگ وەهەزاری عاشقی تێدا
لە هەموو چەمەن دیارە بە ئوصولی نالە نالی

نالی زۆرەی ناهاد و میئات و تۆلووفی کۆکردەوە ، محویش دووزۆرەی ناهاد و یەکێک تۆلووفی کۆکردەوە لە بەیتەکەدا . کوردە بە تێکڕایی کە هەیەستی بوڵبوڵ بوو دەڵێ (هەزار) . زۆری تەبیە خانیش کردوە هەر دەڵێن ، بۆیە یە لە (هەزار - هەزار) هەر بۆ زۆرەکە دەچن .

لە دیوانی محوی ئێگەیشتیت نموونەی دیکە زۆرا دە بڵێمیت لە هاوڕی و بزێ نالی هەموویش هەر بەگیانی (نخدی) یەوە هاتوون کە وا بێ دەربڕینی پاتەوپات بەردەوام بانە یەک هەڵدەگرێت هەر بە نالی هەڵدەگیراوە . حاجی قادر لە چەندین جێگەی دیوانەکەی ناوی نالی و شێعر و مەتانەتی دەهێنێت تا دەگاتە ئەوەی کە دەڵێ :

بە "تضمین" بەیتەکی نالی دەهێنم تا بڕەوپێقانم
بزانن من بە تۆو ناگەم خەزەف قەت وەک گوهەر نابێ

محوی بێ ناوهێنان ملانێی لەگەڵدا دەکات .

ئەو ڕایەی لە لاپەڕە ١٨١ ی (محوی لۆنکە) دا کە شێعری محوی لە (سبک هندی) داوەتێت پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە دەبوو نووسەر شەرحی بدات ، بۆلام من وەهای بۆ دەچم کە دا پێشتنی (سبک محوی) یە پتر لەوەی چاوڵێکەری بێت .

محوی لە هەڵنانی بەیتەکانی تەواملەتە لەگەڵ وشەدا دەکات کە دەستاوێژی بەسنا دێت بۆ دروستکردنی وەی جێگەی لە بار بەدوا بەردی لە بارداوەگەڕێت . گەلێک لە بەیتەکانی محوی تەوەندە سفتە دەڵێی وشەکانی لە باڵا یەکتر هەڵناوەشێنێ لەو وەستایەشدا ناونادە دەگاتە ئەوقەڵانی تەوتۆ هەر بە داڕوان و شاخەوانی مەعڵان دەبگاتێ .

لەو بیرە شێعرەی کە بەم جۆرە دەست پێ دەکات :

بێ بێ یانەما بێ من دادو بیدادێ دەکەم
گوێ بداتێ یا نەداتێ ئاهو فەریادی دەکەم

چەندی دەگەمە ئەم بەیتە کەمەم پرسیارانەیە چەند جارێک پێیدا هاتووەتەوە

بێستوومی عیشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش
گەرلەحەق بێم و نەیەم تەقلیدی فەرهادم دەکەم

موچرکێک دەیگرێت (وا ئێستە چادەکانم تەپر بوون).

خوونەیەکی وردی دەتانەت لەم بەیتە دەرەکەوێت وەک کە لە صەدان بەیتی ئەوتۆیی دا :

زمانت کە ببڕی قسەت دێ بەکار
قەڵەم دادەدەم، پەندی خۆ دادەدەم

ئەم بەیتە لە لاپەڕە (٢٦) ی دیوانی محوی دەاصاشی کراوەتەوە کە مرۆڤ زمانی خۆی ببڕێت و قسەی پڕوپوچ نەکات قسەی کاریگەر دەبێت وەک قەڵەم کە دابڕی باشتر دەنووسێت، بەڵام شی کردنەکە نادەنێ چۆن سوماڵ ببڕیت سەقەت دەکەیت کە زمانت ببڕیت چۆن قسە دەکەیت نە خۆ لە دووبارە بوونەوەی (دادەدەم) دەگەیەنێت.

وەک لە بۆی دەچم محوی پەوالەتی زمان بڕینی بە تەپکە دانا وە تەپکەکەشی وەک (دەرو دوو هۆدە) وانە دەرگەیەک بەڵای دوژمنەوە دەکرێتەوە.

بە شێوەی لووسینی سەردەمی محوی (ببڕی) دەنووسرا دوو جۆر خوێندنەوەی هەڵدەگرت : (ببڕی) بۆ کەسی دووەمی تاک و (ببڕێ) بۆ کەسی سێیەمی تاک. هەنجا کە گوتت (زمانت کە ببڕێ) ڕێک وەک قسەت دێتە کار چونکە مانای پستە کە وەک دەگەیەنێ کە (زمانت ببڕندە بێ).

لە (قەڵەم دادەدەم) دا (ببڕی) بەشەبەر دێت کە موناسبی قەڵەم دانانە. دانانی دووەم (دانانی ئاو) وەیا هەر شتێکی دابات دەگەیەنێ. کە قەڵەم دادەنێ پەندە بەهرەکەی بڕاوەتەوە کاغەز دادەدات، ئەگەر خۆ نووسینی بێت پەندە کە بڕێ بەهرەکەی بڕاوەتەوە بەڵام گومان نییە هەوی قەڵەمی قامیشی بەبەست بووە کە بەهرەکەی دەی نووسی.

ئینجا وا تایەکی وەک زێدە لەپاڵ دەوایە کە ئەگەر بە پێنووسی کۆن بنووسرێ: (پەندی خودا دەدەم) دەشێ بخوێندرێتەوە (پەندی خودا دەدەم) وانە ئەو پەندە

دەدەم کە هی خودایە.

من هەر نالی و محویم بە بیردا دێت ئەو چۆرە هۆنەرەیان خۆش جلە و کردبێت بۆ ناو هەڵبەستا.

بەڵام لەوەی بچم بۆ شی کردنەوەی چەند نموونەیەکی دیکەی کە لە (دیوانی محوی) دا پێویستی یان بە تەواو کردن هەیە، ئێ بینی یەکی کورتیلە لە بارەی گوزەران و دوورکەوتنەوەی نالی لە وڵات دەکەم کە لە لاپەرە ١٩، و ٧٠ ی (محوی لوتکە) دا بە جۆرێک هاتوە تاریکیەکی خستوتە سەر نالی کە بەڵای منەوە پەیوانی یە: گوێیا نالی بە دوورکەوتنەوەی لە وڵات و پەوداوو "ناژادەو پشێوی کە سەرجەمی ژیانی گرتبوو "نازادی یەکی بە خۆی دا کە (بە کەیف وانەوە سی خۆی بدوێ).

ئەوەی من بۆی دەچم، نالی لە دەمی خۆکرانی ئەحمەد پاشا دا چوو بۆ حەج، جارێ حەجی تەواو نەکردبوو یان لەبەر نەبێ لە حەج نەگەڕابۆوە حاکمایەتی بابان بەسەر چوو. پاش چەندین ساڵ کاغەزی بۆ سالم نووسی و وەڵامی یەکی لێ وەرگرتەوە. تێیا نەگەڕاوەتەوە و لە پاش تێبێ چوونی پاشایەتی ئەحمەد پاشا نالی چوو بۆ لای سلێمانی و حەجی ناچاری کردبوو [کە ئەمە من بۆی ناچم] دەبێ لە ترسی کوشتنی وەیا بەندی بوون ڕێی غەریبی گرتبێتە بەر. لە هەردوو حاڵێشدا نالی بێ حاڵ و حاڵ بوە و بە نەداری سەفەری کردوە. نالی لە سلێمانی مزگەوتی نەبوو، هەر هیچی نەبوو بۆیە تواڵی ئاوارە بێت، حاجی قادر و کەیفی جوانڕۆیشتی بێ حاڵ و حاڵ بۆی دەڕچوون. چی لە لاپەرە ١١١ یشدا گوتراوە کە نالی لە سلێمانی و لە غوربەتدا بە نازو نیعمەتی میرەکانی بابان هەوا بۆوە ناواتێکە لە منەوە بەرەو ئەو سەردەمانە: وەی کاشکی بمانتوانی بایە بڵێین ئەحمەد پاشا و باوکی لە سلێمانی خزمەتی نالیان کردوە بە نازو نیعمەتەوە دواتریش ئەحمەد پاشا دڕێغی بۆ نالی نەکردوە بەڵام چ فایدە! نالی یەک لە سلێمانی نوای نەبوو بێت، بەر لە دەوری نوا پەیدا کردنیش بە ئەدڕێژایی تەمەنی فەقێیەتی وەکوو گەڕیدەیەکی هەژار هەم ئێ و ئەو دێ و هەم شار و ئەو شاری کردبێت چ دەرفەتێک بوە بە نازەوە لە نیعمەتی پاشاکاندا ژیابێت. لە هەڕیشدا

بەیتێک لە شاعیر دەرسی بە خەڵق گوتوە بۆ نان پەیدا کردن، لە ئاخر و ئۆخری ژیانیشی، ساڵی ١٧٨٨ و بە شێکی ١٧٨٩ ک حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی نالی لە بەکڕ دێتوە بێ مال و حاڵ، چەند بڕنێک هەبوە پێیا نەوە ژیاوە. وەک دەبینین تەرخ لەو دەمانەدا کە تەستە بنۆڵ نشینی بوە و تەحەمەدپاشای تێیدا ژیاوە جێی خۆیەتی چاوەڕوان بین تەحەمەدپاش خزمەتێکی کردبێت..

تێکڕای باری ژیانی محوی ئاسوودەتر بوە لە هی نالی، خۆ هەر نەبێ محوی خانەقای هەبوە، بە تەنیشت خانەقاوە ماڵێکیشی هەبوە تێیدا بحەسێتەوە، منداڵ و وەچەشی هەبوە پێیانەوە پەروەن بێتەوە، صەد جاران لێی پیرۆز بێت کە دە تەوەندەشی لایەق بوو. لە لایەن ئاپراحەتیشەوە، تۆ بڵێی ژیانی ڕاستەقینە هەبووبێ لە گەڵ (دیوایەت) ڕێگە پۆشتبێت؟ زۆر جاران ناخۆشی بێ سنوور بۆی ڕێک نەکەوتوە بیستری بە نەبوو بوە، وەهاش بوە بە سەریەوە نراوە. بە تێکڕایی تەهلی خەیاڵ لە وێنە کێشانی حاڵ و باری خۆیان هونەری تەعبیر تێکەڵ بە واقیع دەکەن: هەر وەک لە دڵداری دا بە هەڵبەست خەویان نامێنێت و خرمێکیان دەبێتە خۆێن و وەک خەڵاڵ باریک دەبن هەروەهاش لە تصویری تەنگەتاو بوونیاں فەڵەک لە گەڵ خۆیان بەشەڕ دەهێنن و زۆربەی خەڵق لێیان دەبن بە پەڕەقیب و دوژمن، لە جیاتی ئاو خوێنی جگەر و لە جیاتی نان گوڕاڵ دەخۆن..

وەها دەبێ لە ناهەزی دا شاعیریەت بەکار دەهێنن تا تەوەی دوژمنەکەیان لە شەیتان مەلعوونتر دەنوێنن.. لە تەبیاتی بەشەر دەوە سێتەوە وەک نەهێنێ باسی تەو ئەو جۆرەتنیە نکات کە بەیاستی تووشی هاتوە بەڵام لە شیعردا پڕتیزو هورمەتی کە پێی پەوا دێتراوە بە شکستی خۆی لە قەڵەم بدات. شاعیرم دێتوە بەحاڵ کێشاوەقافیە ڕێک دەبەختێت کەچی تف لە زەمانە دەکا کە هورمەتی ئەلیمەتی وەک تەو ناگرێت.. خوڵاسە! تەمیناغای حاجی بەکراغای گۆڤێ بەناز پەروەردە کراوبوو لە شیعردا دەڵێت:

تەوەندەم خاڵ بەسەر دا کرد لە هیجرت
زەمین دووی بوو بەتۆز ئێستێکە پەنجە

تەقالیدی شیعرمان موبالەغەو بە سەرەوە نان و ئاراپیشتی زیاد و تەو جۆرە
نیگار کێشییەی تێدا باو بوە. نالی بۆ یان محوی یان هەر کەس دەبێ بۆ حاڵ وباری
ناو دیوانەکەی دووکەڵ و ئاگرو تەنگی و تاریکی تێدا قەڵەم کێشی کراوە. مە بەستم
نییە بڵێم ئازاریان نەبوە بەڵام ئازارێکی کە هەبوە خراوەتە ژێر عەدەسەی
زل کەرەوەی خەیاڵی شیعر.

لەگەڵ تەمەشدا دەبێ هورمەتی تەو مەهارەتە بگرین کە لە سەرەنیا کردنی
ئێش و ئازارا خزمەتی خەیاڵی پەنگین و وێنەکێشی هونەراوی و زاخاوی
مێشک، وێڕای دەوڵەمەند کردنی زمان و تەدەبیان کردوە. چەند شیرینە
تەو بەیتەی طاهیر بەگ لە شکاتی پەجەی بە گوڵەی دەمانچە گوتوەتی:

فەڵەک زاڵی کە دەشکێنێ پەوونەق بازاڕی مانگ و خۆر
شکاندی پەنجەکەم تامن نەنوسم وەصفی پروەشاری

ئێتە ئەگەر تەنها دیوانی محوی بکەین بە شایەدی خۆشی و ناخۆشی پۆژگار و
بەسەربردنی، هەرگیز تەو پووداوە خۆشکەڵەی لایپەڕەکانی ٤٤٦، ٤٤٧، ٤٤٨ی
(مەحوی لوتکە) ناخوێنێتەوە کە ئەمەوو ناگرو وڕیەکی گۆڕیوە بە ئیروویی. بەڵام
نەمانی پێوەندی جوارینەکەی لایپەڕە ٤٤٦ کە دەرگایە بۆ گێڕانەوەی پووداوەکە، بەو
خەدنە سەیرەی کە نانێبی والی دیتوویەتی و لە ئاکامدا کردوویەتی بە کۆیلەی(محوی) چی یە؟
هەشت
بەڵام وە هیچ تاکێک لەدانوسراوەی باس کراو لە لایپەڕە ٥٥٥ی (محوی لوتکە) دا
نە هاتۆتە بەرچاوم کە وا بێ گومان گەلێک شتمان لێ وەدەرگرتن لە بارەی محوی یەوە
ئیستاش مەترسی تەوەم هەیە لێرەدا پایەک بە ناوی خۆمەوە دەرپەڕم دواتر
دەرچێ کە یەکێک یان پتر لەو سەرچاوانە بۆی چوون

وەک گەلێ جار گوتراوە و نووسراوینە شیعری محوی عەرەقی وانا و نوکتە و وێنەی
جوانی یە، لەوانەیە مرۆڤ پێی وابێ لە بەیتێکی خۆڵ بۆتە وە بۆ تەختی بنی کەچ
بە پووچوونی قوڵتر گەوهەری نەدۆزراوەتەوە بە دەستەوە دەدات. بۆ بە سەر
کردنەوەی چەندوچۆنی وانای دیاردە نادیارەی شیعرەکانی (هەیە) هەر تەو دیوانە
لە بەر دەستدایە کە هاوڕێتا مەلا عەبدوللەی بێدەکی بۆی بەشەرحیان داوە،

لێرەدا هانا دەبەمە بەر ئەو دیوانە بۆ مەشقی وردبینی لە چەند نمونە شیعرێکی
باڵی ئەوەی ترووسکەیەکی زیاد بەهێزتر بۆ ناو دیوانەکە و بەر نیگای ئەدەب
دۆست و ئەدیبان لە قەوارەی گوتارێشدا جێی ببێتەوە. دەشێ بڵێم کارێکی
سەختە دەیکەم گەلێک ئاسانتر لەوەی ماموستا وەکاک محەمەد کردوویانە چونکە
هەمیشە پەخنە دەیا بەسەرەوەنان لە بنیات نان سووکەڵترە: ئەوان
مەیدانیان خۆش کردووە تێمن بە وەکاری قەڵەمەوە پیاسەی تێدا دەکەم.
ئەو نموونانەشی هێنا بەدوای گەڕان نێو ٥ لاپەڕەم سەیر کردووە و بە پێنگێکم پەچاو
کردووە تێیدا دە پەڕەم هەڵداوەتەوە تا لەسەر لاپەڕەیەکی بەند بووم، وەهاش
بوو کێشێم دانادە، کە بۆی گەڕاوەتەوە لەو لاپەڕانە گیر بووم کە پێشتر پێیاندا
تێپەڕی بووم، تائێستاش نەگەیشتووەتە بەشی فارسیەکەی.

لە لاپەڕە ٦٤ی دیوانەکە هاتووە:

ئەگەر ئازادە گیانێک بێ لە عەدەمدا بۆمان
چی هەیە غەیری بە پێچی پەلەپەل داوی حەیات

لە شەرحدا هاتووە: نەبوون هیچی نەبێ سەربەستییەکی بۆ بنیادەم تێدایە لەم
هەموو کوت وزنجیر و جۆر بە جۆرە مادی و ڕووحییانەی بە خۆیانەوە یان
بەستۆتەوە .... هتد.

من تەنها دەڵێم بەسەر وشەی (بە پێچی) یەوە هەیە کە وەک بۆی دەچم
(بپێچی) یە واتاکەشی دەبێتە (پەلەپەل خێراخێرا بپێچی داوی حەیات)
وەک کە داو بە پێچانەوە هەڵدەکرێتەوە. (بە پێچی پەلەپەل) لووس وڵێک
نیە: بە پێچی داوی حەیات جومڵەی تەواو درەست ناکات چونکە (اسناد)
تێدا نیە وەک کە لە فیعڵی (بپێچی) إسناد پەیدا دەبێ.

لە ٦٦ی پەڕە هاتووە:

فەڵاصی بوونی قەت ناوێ تەسیری زوڵفی زنجیرت
لەبەراتیرت، مەڵەک بێ هەڵفڕینی نەبوو نە چێبرت

لە شەرحدا هاتووە: دیلی کەمەندی زوڵفی تۆ هەرگیز نایەوێ ڕزگار بێ و

نێچیری ڕاوت تەگەر لەبیر خۆشەویستی تۆ هەرگیز لەبیر ناچێتەوە

دەبێ بەوتیرە بپێکرێ چونکە دڵدار دەبێ هەمیشە لەیارەکەیەوە نزیک بێ.

من وەها بۆ ناچم: شێرەکە نەیگوت نێچیر دەبێ بەوتیرە بپێکرێ

بەپێچەوانەوە گوتی نێچیرت مەلائیکەتیش بێ خەلاص بوونی لەداوی زوڵفت

ناوێ چونکە هەر هەڵفڕێ تیرت دەی لکۆژێ. مانەوەی لەداوی زوڵفی چاکترە

بۆی.. داوەکە سەلامەتترە لە تیرەکە. ئەوشێ (مەلەک) بەواتای (مەڵێکە، یەلامەل) پێش پێتە

لەلایەرە ٧٠ دا هاتوە:

لەپێت هەڵامە زیرەی سیلەیلەی موقەدەسی عیشق

ببێ بەشێر و مەگەر هەنگری لەدنیا دەست

لەشەرحدا دەڵێ:

زنجیری عیشق ناکرێتە پێی هەموو کەس و هەموو کەس شایانی خەڵات

وا پەیوەز نیە. بۆ ئەوەی ئەم زنجیرە بکرێتە پێت و لەپێتدا زیرەی بێ،

پێویستە ببێ بەشێر و ئەوەندە ئازایی بتوانی دەست لەدنیا هەنگری.

من وەهای بۆ دەچم بەپێوەسی کۆن وشەکە دەنووسرا (شیر) و

بەهەر دوو جۆر دەشیا بخوێندرێتەوە واتە (شێر، شیر = أسد، سیف).

بۆ شکاندن (شێر) هەر واتایەک لێ بدرێتەوە قەیدی نیە بەمەرجێک لەگەڵ

دەقی شیعرەکە بگونجێ نەک بەزۆرە ملێ بەسەریدا بسەپێ.

چەندی دەکەم بۆم ناکرێ بڵێم دەست لەدنیا هەنگرتن سزای نێچیرکردنی

پێوە بێ. وا دەزانم نیوەدێڕی دووەمی بەیتەکە دەبێ بخوێندرێتەوە:

ببێ بەشێر و مەگەر هەنگری لەدنیا دەست

بوون بەشێر (سیف) و دەست لەدنیا هەنگرتن (تەرد) دەگەیەنێ

نەک واز لێ هێنان. لەسەرێک بەیتەکە تۆ دەست هەنگرتنەوەکوو ئالا

هەنگرتن و ڕم هەنگرتنە بۆ جەنگ. تۆکە خۆت شێر بوویت دەست

هەنگرتنیش دەبێتە شێر هەنگرتن چونکە شێر دەستی هەنگرتوە. ئەم سەرکەشیە

کە مناسبی سزای زنجیرکردنەو، چونکە لە واقیعدا دنیا تەڕاق دانە دە بێتە هۆی
هەڵاڵ کردنی زیرەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق

لە لاپەرە ٧٨ ئەم بەیتە :

ئیتتیفاقی ، ئافتاب ئانێ هوقابیل بوو بە ڕووت
ئافەتێکی دی ، نەما تابی ، بووستێ ڕوو بە ڕووت

لە شەرحدا هاتوە :

بەڕێکەوت جارێکیان ڕۆژ تاوێک لەگەڵ ڕووت ڕوو بەڕوو بوو. دەردێکی
وای بەسەر هات توانای نەما لە بەرابەرتدا خۆی بگرێ .

وەک من بۆی دەچم: ڕۆژ خۆی لە تاوێنەی ڕووی یاردا دیتوە . ڕۆژ
بەم (افتاب) نووسراوە لە بەیتەکەدا . کە دیقەمت بکەی لە وشەی (افتاب)
(افت) هەیە کە دەکاتەوە (افة) ی نیوە دێڕی دووەمی شیعرەکە . ئنجا
تابی نەما چونکە لە وشەی (افتاب) کە (افت) لابەریت (اب) دەمێنێ
نەک تاب . (اب) یش کە ئاوە ناتوانێ ئانێ بووستێ .

لە لاپەرە ١٥٧ ئەم بەیتە :

لە زولفدا وون ڕوو لێوی هەر لە کارایە
ئەو ئافتابە گەر ئاوا بوە مەسیحا خۆشە

نیوە دێڕی دووەم لە بەرکێش دەخوێندرێتەوە (ئەو افتابە گەر اوا بوە ...)

لە شەرحدا دەڵێ : ئافتاب : خۆر ، مەبەست لە هەزرەتی عیسایە . مەسیحا :
عیسا ، مەبەست لێوی یارە کە هەناسەیەکی لێ دەردەچێ وەڵ ئەو هەناسەیەی
لە دەمی هەزرەتی عیسا دەردەچوو مردووی پێ زیندوو دەبوەوە .

من وادەزانم ئافتاب کە ئاوا بوە ڕووی یارە لە زولفدا وون بوە . نەما لێوی
لە کار نەکەوتوە چونکە نەفەسی هەر دێت و خەڵق زیندوو دەکاتەوە وەڵ مەسیح .

لە لاپەرە ٢١٩ ئەم بەیتە :

لە یادشی قەی سەردا هەمە ئاماد هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ من بەرقی تێ دەگرم

لە شەڕەدا دەڵێ:

لەتۆڵەی قەی سارد و ناخۆشی وەک بەردی بەرقی یارانی بێ بەزە ببیدا،
منیش لەتکیشانی ئاخ و لەناسەی گەرم هەیە وەک هەورە بروسکە و
بەرقی ئاسمان کاریگەر و سووتێنەرە.

من دوو تێ بینیم هەیە: یەکیان ئەوەیە کە محوی دەڵێ (بەردم تێ گرێ)
ئەم بەردەی لە خۆپایی نەهێناوە. وشەی بەرد دەنووسرا (برد) ئەم
وشەیە/ دەگەڕێتەوە بۆ (سەرد)ی نیوە بەپێی یەکەم. کە واتە بە واتای (مژ)یش
دەبردات و لە موناسەبەی قەی سارد بە (برد، ساردی)ش دەڕواتەوە.

تێ بینی دووەم ئەوەیە کە وشەی (شێتیانە) هەرچەند جێی بۆتەوە بەڵام
زێدە لە هەبوو وصفێک بۆ (شێتی) پەسەند کراوە؟ بۆچی گێڵانە نەبێ؟
وەها دەزانم وشەکە بە پێنووسی کۆن (شێتانە)ی لێ چوکرە دەنووسرا. ئەم
شکڵە هەڵدەگرێ (شیطانە) بێت و بە زاری کوردا ببێتە (شێتانە) لەهەمان
کاتیشدا (شێتانە)ش لە یەکە دەبێنێتەوە:

کەسێ شیطانە بەردم تێ گرێ..
کەسێ شێتانە! بەردم تێ گرێ..
کەسێ شێتانە بەردم تێ گرێ..

یەنگە محوی لە ئاسۆی وشەی (شیطان)ەوە بە تەماعان بووبێت خەیاڵ لە
(برق) بکەینەوە کە ئەو (شهاب)ە بێ پاسانی شەیاطین دەکرێت وەک لە
قورئاندا هاتوە (. فأتبعه شهاب مبین). ئینجا ئەگەر شریتە هەم خەیاڵە درێژە
بکەینەوە دەگەینە پاڕەی ئەوەی کە وشەی (سەرد) ئەویش (سەر)بێت و
نەواوکەری حرف جری (لە) کە (ڕاهایە بە دوای دا هاتبێت وەک کە (سەردا)ش
لەهەر (سەرد دا) یە و دانیکی لێ قرتاوە. ئەوسا (سەر) بە واتای (سەروو،
بەرزایی) دێت بە مەبەستی (ئاسمان) چونکە شەیاطین گوێیان لە قسەی ئاسمان
پاڕەگرت و شیهاب، بەرقیان تێ دەگیرا: لە پاداشی قەی ئاسمانا من
بەرق دەگرمە شەیطان.. نەختێک چاو پۆشی و یارمەتی ڕان پێویستە تاکەو
واتا لێ دانەوەی (ئاسمان و برق) لە شەیطانەوە لە بەر نەبیاتماندا دەسازێت.

یارمەتی دان و چاوپۆشی ئەوتۆیی هەیە لەگەڵ لوغز و موعەماکرادە بۆ ئەوەی بتوانری هونەری وەها سەرکێش پێم بێت، هێندی لە شیعری محوی و نالیش بە وردی و قوونی یاندا ڕۆیان لە ڕۆحی موعەما دە ڕشتبێن.

لە موناسەبەی موعەماکاندا باسێکی کورتیلە دەگێڕمەوە:

عبدالباقی العمری بە شاعیری هەژدەهەی نۆزدەهەی بەغدا دادەنرێت. خۆی موسڵی یە هاتۆتە بەغدا. دەگێڕێتەوە دەڵێ ڕۆژێکیان بە عادەتی خۆم دەچووم بۆ لای مەولانا خالید. بەبیرما هات فیراسەتی ناقی بکەمەوە، بە ڕاگاوە موعەمایەکم پێبڵێ هێنا. کە گەیشتە خزمەتی گوتم: موعەمایەک هەیە بۆم لێبڵێ نادرێتەوە. داوای کرد و منیش خوێندمەوە:

بان لام العذار من ألف القد
فتم الوصال فی عامین

دەڵێ بڕوە سەمان گوتی: (ئەفسەنتین) لە وڵاتی موسڵی زۆر هەیە. لێکدانەوەکە بەم جۆرە دەبێت:

لام دوور بکەوێتەوە لە (الف) دەمێنێتەوە (اف) کە وصال لە دوو ساڵدا پێک بێت، ساڵ وەک (عام)ی هاتوە (سنة)شی هاتوە، دوو ساڵ دەبێتە (سنتین) لەگەڵ (اف) بەیەکتر بگەن (اف سنتین - افسنتین) دروست دەبێت. ئەفسەنتین پرەکێکە. واتای بەیتەکەش بەکوردی ئەمەیە:

لامی بسک لە ئەلفی قەد دوور بۆوە، لە دووساڵدا وصال پێک هات.

لە ڵاپەڕە ٨٩ کە شەرحی تەم بەیتە دراوە:

ڕوخێشی کردە ئەولا دەی شێی پرسی
بە شۆخی شاهی من تۆ بۆ لچی مات

دەبوو بگوترێ (ڕوخ و شا) دوو بەرەی شەترەنجن هەر وەها (مات) یش زاراوەیە بۆ مردنی شا کە ئیتر یاری دەوەستێت. (ڕوخێشی کردە ئەولا)

لە نوخته‌ی یارمەتیدەرەوە دەشێ ئەوە بێ کە پرۆژەیەکی خۆی بەلاوە نا (وەک کە لە بەیتەکەشدا ڕوونی خۆی بەلاوە ناوە) یەکسانەوە یارمەتیەکی بردۆتەوە کە محوی مانای کردووە. دەشێ ئەوەش بێ کە پرۆژەیەکی مەحویش لەلاوە وکوشتوونی دەشپرسێ بۆچی مانی؟ پرۆژە لە پاش وەزیر لە هەموو ئالەتەکان بە لەیزترە.

لە لایەڕە ٢٠٠ ئەم بەیتە:

مەگەر قەطعی نەفەس چارەی بکا، وەرنا نیە هەرگیز
لە پێوەندی کەمەندی پڕ خەمی طولی ئەمەل چارێ

لێرەوەدایە بەوە ڕا کە ئا لە گیان ادەرچوون بەولاوە هیچی چارەی نەفسی ناکا و لە کەمەندی ئالۆزکاوی هێوا دڕێژی ڕزگاری ناکا.

ئیستە قەطعی نەفەس، هەناسە لە خۆ بڕین، دەبێتە مردن، ڕوالەت بەیتەکەش ئەو واتایە بەدەستەوە دەدات بەڵام وەک من دێتە بەرچاوم، محوی تەپکەی داوەتە بۆ خوێنەر: دوای ئەوەی فێڵێت لێ دەکا بەوە ڕا کە دەتی هەر قەطعی نەفەس ئەو پێوەندیە چار بکات، ئینجا ئەگەر زیهنمان مەو قڵاپتی بکات دەبینین ئەو پێوەندیە بە طولی ئەمەلەوە یەکجار بێ هێزە چونکە محوی پێیت دەتی قەطعی نەفەس بە واتای ئەو قەطعەی کە نەفەس دەیکات وەک (قەطعی شیر، تیغ) پێوەندی کەمەندی پڕ پێچی طولی ئەمەل هەڵدەبڕێتەوە. واتە ئەمەلی بەو یارە هێندە سست و بێ هێزە کە هەناسەیەک داوەکانی دەپسێنێت. ئەم قەطعی نەفەسەش وەکوو (دەرد، دوو، هەڤدە)ی پێشتر گوتمان بەلای دوو ژوورەوە دەکرێتەوە: جارێکیان بەلای بڕانی نەفەسەوە کە مردنە، جارێکیان بەلای بڕندەیی نەفەسەوە کە خۆی طولی ئەمەل دەپسێنێت.

وشەی (دەگەڕ) لێرەدا کە وەها دەگەیەنێ هیچی شتێک نیە عەبری قەطعی نەفەس طولی ئەمەل چارە بکات، لە بەر نا واتای (بڕندەیی هەناسە) تێ دەگەین کە شتێکی دەرەوەی وجودی شاعیر ئەو داوەی ئەمەلە نابڕێت: چ هەناسە بڕان نێت کە مردنە و چ بڕندەیی هەناسە نێت

هەردوویان زەنەی عاشقن، لە دەرەوە نەهاتوون.

داوە پێوەندییەکانی طولەتەمەل بەرانبەر کاریگەری دەرەکی پسانیان بۆ نییە.

ئەو داوە پێوەندییانە هێندە سستن بە بای هەناسەی عاشق دەپسێن.

دەگەڕێمەوە بۆ قسەیەکی زووتر کردم کە ناشتی لەلاوە واتا پاگوێزین بۆ ناو شیعر: چی لە شی کردنەوەی ئەم چەند بەیتەدا کردووەمە پاگوێستنی واتا نی یە بۆ ناو شیعر چونکە لە بەیتەکاندا وشە و تەعبیر وهێما هەن بۆ واتاکان، تا ئەگەر بە سەهوڕش چووبێتم و شتێکم هەڵنابێت کە بە ضەیاڵی شاعیرانە هاتبێت هەر نابێتە بەسەرەوە نان بەتڵکوو وەک ئەوەی کێ دێت تۆ بڵێی ٢٥ درهەم بزر کردووە من ٤٠ درهەمت بۆ بدۆزمەوە. ئەگەر هاشامایە (قەطعی نەفەس)م بردبایەوە بۆ ضەفەکردنی سەڵتانی عوسمانلی و شای قاجار وەیا ضنکاندنی ئەمیر دەریای هێزی دەریایی بەرێتانیادەبووەمە قاچاغچی.. محوی و نالی وەها بە چەرخ و دۆڵابن تا لێیان بێچیەوە هەڵقنە. فەرموو بڕوانە ئەم بەیتەی محوی:

ئەگەیە دامەنی، دەستی دوعا، جا دەبە خاکی ڕێی
طەریقەی گۆشەگیری بەردەوام ئەحبارە ڕێی دەگرم

لەوانەیە هەموو لایەنێکی وشەسازی و واتاڵایی و نوکتەسنجی و... وی ناو بەیتەکەت بە تەواوی و لەدەستی لێک دابێتەوە بەڵام بەسەر شتێک وردیلەی نیگارانەکێشدا تێپەڕیبێت وەک ئەوەی کە (جا)ی مصرەعی یەکەم وا لە ناو (ئەحبارە)ی مصرەعی دووەمدایە و لەلای خۆیەوە وەک بورهوری مەکینەیەک لە نگەڕی دوو مصرەعەکەی پاگرتبێت: جا، ئێجا، ئەجار، ئەحبار، هەموری یەک واتای هەیە، هێندێکیان لێیان کۆرت کراوەتەوە، بەزۆری و بەکەمی، تا ئەحبارە بۆتە جا.

نالی دەڵێت:

وای فەرموو کە ماچت نەدەمێ پووپەشمی (تۆ) بم
نەمسڵە بەجێ دێ نەسەری وەعدە بێ پاری

هەموو ئەدیب و شاعیرەکان دەیانخوێندەوە و دە خوێنەوە (تۆ) کەچی بەمەدا بەیتەکە دەمرێت : نالی (تو - توو) ی گوتوە چونکە لەم شکڵەدا هەم بەواتای (تۆ - أنت) دێت وهەم بە واتای (تو - تووک - شەعر - موو) دێت . تۆمەز لەم سڵەدا (پووپەشمی تو - تووک ، موو) بوە چونکە پێشی پرواوە. نەو واتایەی لە (تو - بە واتای تۆ - أنت) دێت نەویش لەجێی خۆی دا بەردەوامە.

وەک دیارە محوی و نالی ناوناوە بەزاری دەرەوەی بابان دواون مێژە لە وشەیەک ، لە تەعبیرێک بێتە ، وا لە بەستەیان پێ دەر بچێ .

محوی کە دەڵێ :

ئەم عالەمە کە سونتە ظیری جیلوەی نەو مەهەن
دەرن بەو ئینتیظارە هەموولا (بلا خصوص)

بەیتەکەم بە پێنووسی دیوانەکەی محوی پاگوێستە ؛

لەم بەیتە سەرم سوڕماوە : لێم سوورە کە لە تەعبیری (هەموولا بلا ، هەموولا بلا ، هەموولا بەلا ، هەموولا بە.....) جارێکیان لە وەرگێڕانی (هەم) ی سەرەتای (هەموولا) وشەی (بەهە) پەیدا بە کە لە مصرەعی بەکەمدا عالەم سونتەزیری جیلوەی نەون بەڵام نازانم لە کوێوە نەو وەرگێڕانە دەستی دەکەوێ .

جارێکی دیکە لە (هەموولا بلا) کە بخوێنرێتەوە (هە - موو - لا بە) نەو. (موو) ەلادەچێت و دە مێنێتەوە (هە - لا) . (لا بە - لا بەرە دەگەیەنێ وەک گوتم محوی زاری دەرەوەی بابان بەکار دەهێنێت) .

نەوەی دە مێنێتەوە ئەوە لە (هەموولا بلا خصوص) تەنها (لا خصوص) ەبە جۆرێکی ئاشنی بۆ ناچم لە (لا خصوص) ماناکەی (لا - بە واتای حرف لا)

لەوەتە. ئینجا کە ئەم بەدوا (هـ-لا) دا هات (هلال) دروست دەبێت کە ئاویشە مەبەستی، دەڵێت وەک تۆ یار. دەزانم شی کردنەوەکە ناتەواوە. بەڵام پێم لێ بەر نابێت چونکە ئاین و ئۆینی محوی گاڵتەی لەگەڵدا ناکرێ. دەڤی شیعرەکە لە ڕواڵەتدا تیمان ناگەیەنێ بۆچی عالم لەو ئینتیزارەدا دەمرێ، بەڵام ئەگەر (لەهـ، هلال) لە شیعرەکەدا دۆزیبایەوە دەیان مەبەستی بێ بەبەرچاو دەبێ چین لەدوا چین بمرێ و نەی دۆزیبایەوە.

قسەزۆرە، بەدوا گەڕێ، ئەمەل دوورە!!

خوێنەرانم! بە هەیالی دڵی تەپری لەسەر شاعیرە کۆچ کردوەکانمان لەگەڵ منداڵێم غەزەڵەی محوی بخوێنەوە و بۆ لەسەرخۆ گوڵاو پژێنی یادی باغ و بەهەشتی دڵە بوڵبوڵەکەی محوی، ئاهەنگ گێڕی شەرەف و خودسیمبە تی گەردشتان و گەردزەمان بێت.

شاهدە ئەما یا تەرەی یاسەروی پەروانە
یا عەرعەرە یا نەخلی مرادی دڵو جانە
داخۆ ئەمە ئەگریجەیە پەخشاوە بەسەرا
یاسونبولە گردوویە هەبا زولفی بەشانە
ئاهووی خوڤەنە جیلوە دەکاتن لە خەتادا
یا چاوی پەشی فیتنەگەری سورمەکەشانە
دڵ هایەدایم کە ئەمە قەترەیە داخۆ
یا جوزئەکی بێ جوڵانە موسەما بە دەهانە
ئەم مەی صیفەتی خوون خورە وا نازک و سوورە
یاخوونی لەبە، یاگوڵە، یا خوونی پەروانە
نالاندم و فەرمووی کە ئەم ئاوازە هەزینە
یاهووی یە یا بوڵبوڵەکەی فەصلی خەزانە

بەغدا، هەینی ١٩٨٨/١/٨

مەحمود محمد